
خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5817) پێنج شەممە 29ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی کەسایەتی و پیاوماقوولانی پارێزگای بەسرە کرد

سەرۆک بارزانی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: پێویستە پارلەمان پڕۆسەی چاکسازی و نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ بکاتە ئەولەویەتی کارەکانی



دوێنێ چوارشەممە /28/8/2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆک و هەردوو جێگرەکەی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە.لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی سیاسی و دواپێن گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە تاوتوێکران. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی تازەی پەرلەمان لە چاودێریکردنی کاروباری حکوومەت دووپات کردەوە و ئەوەیشی خستەڕوو کە پێویستە پەرلەمانی تازە کار بۆ بەردەوامی و پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بکات و پڕۆسەی چاکسازی و هەروەها ئامادەکاری بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان بکاتە ئەولەویەتی کارەکانی خۆی.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا سەرۆک بارزانی ڕۆشنایی خستە سەر پەرەنسیپی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان دەسەلاتەکان ئەویش لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری خەڵک و بەهێزکردنی دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستان. سەرۆک بارزانی هێمایشی بە بایەخ و گرنگیی دامەزراوەی پەرلەمان دا و جەختی لەوە کردەوە کە دەستەی سەرۆکایەتی مۆڵکی هیچ حزب و لایەنێک نییە، بەڵکو مۆڵکی گەلی کوردستانە.



سکاڵا لە دژی پارێزگاری موسەنا و تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە تۆمار کرا

لە ژێر چاودێریی سەرۆکی حکوومەت پێشانگای نێودەوڵەتی لە بواری خوێندنی باڵا دەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی ئێرا ئارپۆ بۆ ڕێکخستنی چالاکی و پێشانگاکان ڕایدەگەیەنێت، بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان و عێراق، پێشانگایەکی تایبەت بە بواری خوێندنی باڵا لە ژێر چاودێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکرێتەوە.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە تاوتوێی قەرزەکانی دەکات



حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە تاوتوێی قەرزەکانی دەکات و میکانیزمی مامەڵەکردنیان دادەڕێژێت.

لە شاری هەولێر، کۆنفرانسی تایبەت بە تاوتوێکردنی قەرزەکانی هەرێم بەڕێوە چوو. لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەری سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە بوون. لە کاتی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا ئەرخەوان حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، حکوومەت بە پشتبەستن بە یاسای ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی قەرزەکانی لە ساڵی2017 دروست کردووە کە ئێستا سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە. ڕوونیشی کردەوە، کاری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە کۆکردنەوەی داتایە لەبارەی ئەو قەرزانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەریەتی یان هەیەتی لای هاوواڵاتیان و کۆمپانیاکان و سێکتەرە جیاوازەکان.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

خێزانێکی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کەنەدا بۆ خەبات:

مەگەر گەلی کورد وەک ئێمەی بەسەرهاتبێت!



زیاتر لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

قوتابییەکی دکتۆرای زانکۆی سەلاحەددین چارەسەرێکی نوێ بۆ نەخۆشییەکانی شێرپەنجە دەدۆزێتەوە

6



بەهۆی ژێرئاوکەوتنی کەشتییەکی کۆچبەران 40 کۆچبەر بێسەروشوێنبوون



ئاستی زانستیی و مەعریفی زانکۆ لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی «خەبات» دا

مامۆستا و قوتابیانی زانکۆ قسەی جیاوازیان هەیە

فازڵ میرانی پێشوازی لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد

لە کۆبوونەوەکەدا چەند پرسێکی گرنگی سیاسی و پەرلەمانی تاوتوێکران



لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی، پێشوازی لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرد کە پێکهاتبوون لە د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان.

لە دانیشتنێکدا کە ئازاد بەرواری و مەحمود محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئامادەی بوون، فازڵ میرانی بەبۆنەی دەستبەکاربوونیان دووبارە پیرۆزبایی لێکردن. میرانی ئاماژەی بەوەشدا کە ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاری تازە و پێشهاتەکان دایە و دەبێت هەموومان یەکدەنگ و یەکپزبین لە پاراستن و بەرەوپێشبردنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، لە سەرووی هەموو ئەرکەکانی تردا بێت و بە هەستکردن بە مەسئولیەت کار بکەین.

هەروەها میرانی دووپاتی کردەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو توانایەک پاڵپشتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات، بۆ سەرکەوتن لە کارەکانیان دا و پارتی بە چاوی ڕێزەوە تەماشای کاری پەرلەمان دەکات و هەروەها تەئکیدی کردەوە کە کاری هەرە گرنگ لەبەردەم پەرلەماندایە، ئەویش دەستووری هەرێمی کوردستانە و پارتی پاڵپشتی بەهێزە بۆ بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە خاوەن دەستوور.

لە لای خۆیەوە د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمان سوپاسی مەکتەبی سیاسیی پارتی کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە و بە گەرمی پێشوازیکردنیان. سەرۆکی پەرلەمان تەئکیدی کردەوە سەردانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بۆ لای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەردەوام دەبێت کە سەرەتا لە سەردانیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستپێکرد کە خاوەن کوتلەی گەورەیە لەناو پەرلەماندا و ئەرکی پەرلەمانیش جێبەجێکردنی دروشمی حزبەکانە لە هەڵبژاردندا و دەستووری هەرێم و یاسای چاکسازی و بەرزڕاگرتنی شکۆی پەرلەمانی کوردستان لە کارە هەر لەپێشەکانی پەرلەمانن. سەرۆکی پەرلەمان سوپاسی خۆی ئاڕاستەی سەرۆک مسعود بارزانی کرد کە پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ پەرلەمان و ئامۆژگارییەکانی جێگای ڕێز و تەقدیرە. دیسان سەرۆکی پەرلەمان دووپاتی کردەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمان پرۆژەی هەر لایەنێک لەناو پەرلەماندا بێت یان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بنێرن بۆ پەرلەمان کە لە خزمەتی گەلی کوردستاندا بێت، بە هەند وەردەگیرێ و کاری لەسەر دەکەن.

داوا دەکرێت نوێنەری وڵاتان لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە ئامادە بن

هەدار بارزانی: لە مەراسیمێکی شایستەدا تەواوی ڕووفاتەکان دەگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان



دوای ئەوەی مانگی ڕابردوو دوو گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان لە پارێزگای سەماوە هەڵدرانەوە، کە ڕووفاتی 171 قوربانییان تێدا بوو، بڕیارە دوو گۆڕی دیکەش هەڵبدرێنەوە، جێگری لیژنەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسیش دەڵێت، داوایان کردووە ئامادەکاریی باشتر بکرێت و نوێنەری وڵاتانیش لە عێراق، لەکاتی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا ئامادە بن.

هەدار زوبێر بارزانی، نوێنەری کەسوکاری ئەنفالکراوان و جێگری لیژنەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تایبەت بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوای کۆتاییهاتنی هەڵدانەوەی دوو گۆڕی بەکۆمەڵ لە سەماوە و ڕەوانەکردنی ڕووفاتەکان بۆ پزیشکی دادی لە بەغدا، لە ئێستادا بۆ هەڵدانەوەی دوو گۆڕی تریش کە ڕێکارەکانی تەواو بووە، داوامان کردووە بە مەراسیمێکی شایستەتر پرۆسەی هەڵدانەوەکە دەست پێ بکات و نوێنەری کۆنسوڵخانەکان و وڵاتان کە لە عێراقن، ئامادە بن بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ببینن لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا چ تاوانێک دەرحەق بە کورد کراوە. جێگری لیژنەی شەهیدان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەشڵێت: بەپێی ئەو زانیارییەی بە ئێمە دراوە، ئەوە دوو گۆڕەی تریش هەڵدەدرێنەوە و لە مەراسیمێکی شایستەدا تەواوی ڕووفاتەکان دەگەڕێنرێنەوە هەرێمی کوردستان. هەدار بارزانی دەشڵێت: لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبینەوە و، نوێنەری وەزارەتی شەهیدانیش ئامادە دەبێت، کە جارێکی تر داواکارییەکانی خۆمانیان ئاڕاستە دەکەین.

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشیی لە هەڤاڵ نەورۆز و چەتۆ نەورۆز دەکات

سەرۆک بارزانی پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی هەر یەکە لە هەڤاڵ نەورۆز و چەتۆ نەورۆز کرد، بە بۆنەی کۆچی دوایی (جەواد سالح نەورۆز)ی برایانەوە، لە پەیامەکەیدا سەرۆک بارزانی هاوخەمی خۆی پێڕاگەیاندن، هەروەها هیوای سەبر و ئارامیشی بۆ کەسوکاری کۆچکردوو خواست، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێزان هەڤاڵ نەورۆز و چەتۆ نەورۆز

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی براتان جەواد سالح نەورۆزمان پێ گەییشت. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی ئێوە و خانەوادە و کەسوکارتان دەکەم و هاوبەشی خەمتانم.

لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

2019/8/28



جیهاد حەسەن: پڕۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕوون و شەفافە

ئەندامێکی لیژنەی سامانە سووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی: پڕۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕوون و شەفافە و هەماهەنگیی لیژنەی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سووشتییەکان باشە و بڕیارە باشتریشی بکەین. دەشڵێ: داوای هەر داتا و زانیارییەکمان کردبێت، بە ئێمەیان داوە و ئێستا هەموو زانیارییەکان بەردەستن. جیهاد حەسەن، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە: پڕۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕوون و شەفافە و پێش چەند ڕۆژێک سەردانی وەزارەتی سامانە سووشتییەکانمان کردووە و گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون و بڕیاریشە لە کۆبوونەوەیەکدا خالێک تاوتوێ بکرێت بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سووشتییەکان بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو زانیارییەکان بین لەبارەی پڕۆسەی نەوت لە هەرێمی کوردستان. حەسەن گوتیشی: هیچ شتێکی شاراوە لە پڕۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستاندا نییە و زۆر ڕوون و شەفافە. ناوبراو باسی لەوەشکرد: داوای هەر ئامار و زانیارییەکمان لە وەزارەتی سامانە سووشتییەکان کردبێت، بە ئێمەیان داوە و هەموو زانیارییەکان لە بەردەستی ئێمەدان و هەماهەنگیی باشیشمان لە نێواندا هەیە. دەشڵێ: دەمانەوێت لەبارەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی سامانە سووشتییەکان بکەین، بۆ ئەوەی چی باشە ئەوە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە پڕۆسەی نەوتەوە هەیە.

ڕێبوار هادی: لە دادگای فیدراڵی سکاڵامان تۆمار کردووە

مادەی 16 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پێچەوانەی دەستووری عێراقە



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژی 2019/7/22 هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد و بەپێی مادەی 16 ئەو ئاوارانەی لە پارێزگاکانی خۆیان نین، ناتوانن دەنگ بدەن، سەرۆکی لیژنەی یاساییش دەڵێت، لە دادگای فیدراڵی سکاڵا تۆمار کراوە و دەبێ ئەو مادەیە هەڵبوەشێنرێتەوە.

ڕێبوار هادی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: مادەی 16 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پێچەوانەی مادەی 20ی دەستووری عێراقە، لەبەر ئەوەی هاوواڵاتیانی عێراقی بێبەش دەکرێن لە دەنگدان، چونکە بەپێی مادەی 16 ئەو ئاوارانەی لە دهۆک و هەولێر و سلێمانێن یاخود ئەوانەی لە شارەکانی خۆیان نین و ناتوانن بگەڕێنەوە شارەکانیان بە هۆی ئەو باردۆخەی بەسەر عێراقدا هات، لە دەنگدان بێبەش دەکرێن.

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەشڵێت: وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگمان بەو مادەیە نەداوە و نارازیبوونی خۆمان دەربڕیوە، هەروەها لە دادگای فیدراڵییش سکاڵامان تۆمار کردووە لەسەر ئەو بابەتە .

هادی ئەوەشی خستەڕوو، زۆربەی لایەنەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی حزبییەوە تەماشای بابەتەکە دەکەن نەک لە ڕوانگەی هاوواڵاتیبوونی عێراقی و دەستوورییەوە، چونکە تێپەڕاندنی ئەو مادەیە لەناو هۆڵی پەرلەمان، نایاسایی بوو کە پێشتر باس لەوە نەکرابوو و هەروەها لە پڕۆژەیاساکەشدا نەهاتبوو، بەڵکوو لەناو هۆڵی پەرلەمان زیاد کرا، بۆیە بە هەموو شێوەیەک پێچەوانە و دژی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، لەبەر ئەوە ئەگەر دادگای فیدراڵی بە یاسا و دەستوور بڕیار بدات، ئەوا دەبێت ئەو مادەیە هەڵبوەشێتەوە و کەس بێبەش نەکرێت لە دەنگدان، هەر ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێت هەڵبوەشێندرێتەوە.

حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە تاوتوێی قەرزەکانی دەکات

نێودەوڵەتییەکانەوە تاوتوێی قەرزەکانی دەکات



حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە تاوتوێی قەرزەکانی دەکات و میکانیزمی مامەڵەکردنیان دادەڕێژێت.

لە شاری هەولێر، کۆنفرانسی تایبەت بە تاوتوێکردنی قەرزەکانی هەرێم بەڕێوە چوو. لە کۆنفرانسەکەدا نوێنەری سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە بوون. لە کاتی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا ئەرخەوان حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، حکوومەت بە پشتبەستن بە یاسای ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی قەرزەکانی لە ساڵی 2017 دروست کردووە کە ئێستا سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە. ڕوونیشی کردەوە، کاری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە کۆکردنەوەی داتایە لەبارەی ئەو قەرزانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەریەتی یان هەیەتی لای هاوواڵتیان و کۆمپانیاکان و سێکتەرە جیاوازەکان. گوتیشی: ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئێستا لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و قەرزی نێودەوڵەتی و بانکە جیهانییەکان و ڕێکخراوەکانی وەک USAIDی ئەمریکییەوە هاوکاری دەکرێت بۆ چۆنیەتیی دارشتنی بەرنامەی کارەکانی و سنوور و دەسەڵاتی کارەکانی. ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە هیچ داتایەکی لەبارەی ڕێژەی قەرزەکانی سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرا نەکرد، بەڵام ڕوونی کردەوە کە لە کابینەی ئێستای حکوومەتی هەرێمدا ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی پلانی دانەوەی قەرزەکان دابڕێژرێت.

کەرکووک.. لە کەمپی ئاوارەکاندا هەشت ئەندامی داعش دەستگیرکران

هێزە ئەمنییەکانی عێراق، هەشت ئەندامی تیرۆرستانی داعشیان لە کەمپی ئاوارەکانی کەرکووک دەستگیرکرد کە بە سیفەتی ئاوارە خۆیان حەشاردابوو.

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووک سەعد حەربییە لە ڕوونکردنەوەیکیدا ڕایگەیاند، لە کەمپی ئاوارەکانی نەزراوە لە ڕۆژهەڵاتی کەرکووک، هێزە ئەمنییەکان لەسەر هەواڵدانی ئاوارەکان ئۆپەراسیۆنێکیان ئەنجامداوە. حەربییە ڕاشیگەیاند، لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هەشت ئەندامی داعش کە پێشتر بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرکراوە و لەنێو ئاوارەکاندا خۆیان حەشاردابوو، دەستگیرکراون. بەڕێرسانی سەربازیی عێراقیش لە کەمپەکاندا لێکۆڵینەوە دەکەن لە بەرانبەر ئەگەری بوونی تیرۆریستان. دوای ئەوەی ساڵی 2014 داعش شارەکانی مووسڵ و سەلاحەدینی کۆنترۆڵکرد، سەدان هەزار کەس لەناوخۆی عێراقدا ئاوارەبوون و پەنایان بۆ دەوروبەر و ناوەندی کەرکووک برد. لە کەرکووک حەوت کەمپی ئاوارەکانی ناوخۆ بوونی هەیە کە لە لەیلانی 1 و 2 و 3، داقووق، یەحیاوە، نەزراوە و باوە لەخۆدەگرێت.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/8/29 ژمارە (5817)

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی کەسایەتی و پیاوماقوولانی پارێزگای بەسرە کرد

سەرۆک بارزانی: سۆزێکی زۆرمان بۆ خوشک و برایانمان لە بەسرە هەیە و بۆ پشتیوانیی داوا رەواکانیان درێخی ناکەین

شاندی میوان بانگهێشتی سەرۆک بارزانییان کرد سەردانی پارێزگای بەسرە بکات



دوێنێ چوارشەممە 2019/8/28 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی گەورەی دانیشتوانی پارێزگای بەسرە کرد کە لە سەرۆک هۆز و پیاوانی ئایینی و کەسایەتیی ئەکادیمی و پیاوماقوولانی ئەو پارێزگایە پێکهاتبوو.

لە دیدارەکەدا کە بەرێزان مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەنگین رێکانی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی عێراق ئامادەی بوون، شاندی میوان وێرای دەربڕینی سوپاس و خۆشحاڵییان بە دیدارەکە، سڵاو و رێزی خەڵکی پارێزگای بەسرەیان بە سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستان گەیاند و جەختیان لە سۆز و خۆشەویستیی خەڵکی ئەو پارێزگایە بۆ سەرۆک بارزانی و خەڵکی کوردستان کردەوە.

شاندی میوان هەروەها ئاماژەیان بە پەیوەندیی برایانە و لەمێژینەی خەڵکی بەسرە لەگەڵ گەلی کوردستان کردەوە و ڕایانگەیاند کە هەر ئەو سۆزەی بووە هۆی ئەوەی دەیان هەزار کەسی خەڵکی بەسرە لە کاتی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و یاوەرانی لە یەکێتیی سۆڤییەتەوە بۆ پێشوازییکردنیان لە چاوەڕوانیدا بوەستن، ئێستایش هەمان سۆز و خۆشەویستی بۆ سەرۆک بارزانی و خەڵکی کوردستان هەیە و دەیانەوێ ئەو برایەتییە لەمێژینەیە زیاتر پەرە پێ بدرێت. هەر لەو چوارچێوەیەشدا شاندی میوان بانگهێشتی سەرۆک بارزانییان کرد کە لە دەرفەتێکی گونجاودا سەردانی ئەو پارێزگایە بکات.

هەر لە دانیشتنەکەدا، شاندی میوان باسیان لە گرفت و کێشەکانی تایبەت بە نەبوونی خزمەتگوزاری لە پارێزگای بەسرە کرد و هیوایان خواست ئەو پێشکەوتنەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بگاتە ناوچەکانی دیکەی عێراق و بۆ ئەو مەبەستەیش داوایان لە سەرۆک بارزانی کرد لە ڕێگەی وەزیر و نوێنەرانی کورد لە بەغداوە هەوڵ بدەن پرۆژەی ئاواکاری و نیشتەجێکردن لە پارێزگای بەسرە جێبەجێ بکرێن و کێشەکانی ئەو پارێزگایە چارەسەر بکرێت.

لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی وێرای بەخێرهێنانی گەرمی شاندی میوان، جەختی لە پەرەپێدانی پەیوەندیی برایانەی گەلی کوردستان و خەڵکی بەسرە و سەرجەم خەڵکی عێراق کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەگەرچی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق زۆر هەوڵیان دا کێشەی نێوان شۆڕشی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق بکەنە کێشەی کورد و عەرەب بەڵام شۆڕش ڕێگەی بەوە نەداوە.

سەرۆک بارزانی سەبارەت بە کێشە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای بەسرە نیگەرانیی خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند کە ئێمەش ڕێز و سۆزێکی زۆرمان بۆ خوشک و برایانمان لە بەسرە هەیە و جێی سەرسوڕمانە پارێزگایەکی وەک بەسرە کە شادەماری ئابووریی عێراقە کێشەی خزمەتگوزاری هەبێت و هەرچییەکیش لە دەستمان بێت بۆ پشتیوانیی داوا رەواکانی خەڵکی بەسرە درێخی ناکەین.

هەر لە دیدارەکەدا باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرا و سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند کە ئێستا کەشێکی ئیجابی بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن وچارەسەری کێشەکان لەئارادایە و جەختی لە دیالۆگ و ڕێگەی ئاشتیانە کردەوە.

لە ژێر چاودێریی سەرۆکی حکوومەت پێشانگای نێودەوڵەتی لە بواری خوێندنی باڵا دەکرێتەوە

سەرجەم زانکۆکانی کوردستان و چەندین زانکۆی وڵاتانی سوید و پۆڵەندا و لوبنان و تورکیا بەشدار دەبن



بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی ئێرا ئارپۆ بۆ ڕێکخستنی چالاکی و پێشانگاکان ڕایدەگەیەنێت، بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان و عێراق، پێشانگایەکی تایبەت بە بواری خوێندنی باڵا لە ژێر چاودێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکرێتەوە.

دکتۆر حەسەن سەعدی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە ژێر چاودێریی مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانی پێنج بۆ هەشتی مانگی ئەیلوول یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی لە بواری خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە.

سەعدی ڕاشیگەیاندووە: لە پێشانگاکەدا سەرجەم زانکۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەشێکی زۆری زانکۆکانی عێراقیش بەشدار دەبن، لەگەڵ چەندین زانکۆی وڵاتانی دیکەی وەک سوید و پۆڵەندا و لوبنان و تورکیا و چەندین وڵاتی دیکەش.

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی ئێرا ئارپۆ بۆ ڕێکخستنی چالاکی و پێشانگاکان ئاماژەی بەوەش دا، بڕیارە وەزیری خوێندنی باڵای چەند وڵاتێک لە پێشانگاکەدا بەشدار بن، ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی قوتابیان و فێرخوازان سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەربگرن.

سکاڵا لە دژی پارێزگاری موسەنا و تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە تۆمار کرا



ڕزگاربوویەکی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پارێزگای موسەنا، لە دادگای ئەو شارە سکاڵای لەدژی پارێزگاری سەماوە و تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی ئەو پارێزگایە تۆمار کرد.

تەیموور عەبدوڵا، ناسراو بە تەیموری ئەنفال، ڕایگەیاند: لە بەرانبەر ئەو سووکایەتی و بێ بەهاکردنەی بەرانبەر بە ڕووفاتی کەسوکاری ئەنفالکراوانی کوردستان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە کرا و گرنگینەدان بە شێوازی هەڵگرتنەوەی بەڵگەی تاوانەکان و کەمتەرخەمیی تیمی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، لە دادگای سەماوە 2 سکاڵام تۆمار کرد.

تەیموور عەبدوڵا گوتیشی: سکاڵای یەکەمم لەسەر تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە تۆمار کرد کە کەمتەرخەم بوون لە هەڵگرتنەوەی ڕووفاتەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکان، سکاڵاکەشم لەسەر نوێنەری دەزگای شەهیدانی عێراق تۆمار کردووە وەک بەشێک لە سکاڵاکە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم ئەو لایەنانەی کە نوێنەریان لەو لێژنەیەدا بەشداره، بانگهێشتی لێکۆڵینەوە دەکرێن.

ڕووندیشی کردەوە: سکاڵای دووەمم لەسەر پارێزگاری موسەنا تۆمار کردووە بەهۆی ئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵات و تایبەتمەندیی خۆی کنە و پشکنین بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکات و شوێنەکانیان لە دەرەوەی یاسا کارپێکراوەکان ڕادەگەیەنێت، بەوەش شوێن و بەڵگەی تاوانەکان دەشێوێنێ و لەناویان دەبات، سەرباری ئەوەش سەرقاڵی بەکارهێنانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ڕووفاتی ئەنفالکراوانە بۆ بەرژەوەندی و پێگەی خۆی.

ڕێبوار تاڵەبانی: جگە لە پارتی بەڵای حزبەکانی دیکە ڕەوشی کەرکووک ئاساییە



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاشکرای کرد کە چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکانی لێژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەکەن . ئەوەشی نەشارددەوە کە جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵای حزبەکانی دیکەوە دۆخی کەرکووک ئاساییە.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە چاوەڕێی ئەنجامی کارەکانی لێژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکووکین، تا ئێستا هیچ شتێکی نوێیان لەبارەی کارەکانیان پێ ڕانەگەیاندووین. هاوکات جەختی کردەوە کە وەک پێشتر لەسەر قسەی خۆیان و دەبێت عەسکەرتاریەت لە کەرکووک نەمێنێت، هاوکات قەرەبووی ئەو خەڵکە بکرێتەوە کە زیانیان پێ گەیەنراوە، هیچ گۆڕانکارییەکمان لە قسەکانمان نەکردووە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر پێشنیاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، بڕیار بوو شاندێکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان سەردانی کەرکووک بکات، بەڵام ڕێبوار تاڵەبانی ڕایگەیاند: کۆمەڵ و حزبەکانی دیکە لە کەرکووکن و هیچ کێشەیەکیان نییە، تەنیا پارتی لە کەرکووک نییە. ئەوەشی نەشارددەوە کە بەڵای لایەنەکانی دیکەوە دۆخی کەرکووک ئاساییە . لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017دەوە، کەرکووک بە تەواوی لەلایەن سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە دەبڕێت بەڕێوە و پرۆسەیەکی چڕی بەعەرەبکردن لە شارەکە دەستی پێکردووە و هەموو شێوازێک بۆ وەدەرنانی کورد لە سنوورەکە بەڕێوە دەچێت. لە ماوەی ڕابردوودا پارتی دیموکراتی کوردستان بە تونڈی پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت پێش دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک، دۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە.

ئەبوبەکر کاروانی: گفتوگۆی نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و عێراق گرنگە

گرووپ هەیە دژی ڕێککەوتنن و کار بۆ لابردنی سەرۆکوەزیرانی عێراقیش دەکەن



ئەبوبەکر کاروانی، چاودێری سیاسی دەڵێت، گفتوگۆی هەردوو حکوومەتی هەرێم و عێراق گرنگە و پێویستە تەواوی کێشەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ بخرێنە بەردەم لایەنی عێراقی و حزبەکان و نوێنەرانی کوردیش لە عێراق پاڵپشتیی گفتوگۆکە بکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین دەستکەوت بەدەست بهێندرێت.

ئەبوبەکر کاروانی، چاودێری سیاسی، تایبەت بۆ ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: دەبێ لە هەموو ئەو دەرەنجامانەی دێنەپێشەوە ئیدارەی ململانێ و گفتوگۆکان بکەین، پێویستە لە گفتوگۆی هەردوو حکوومەتی هەرێم و عێراقدا باس لە هەموو کێشەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لە قازانجی چارەسەر هەنگاوەکان بدۆزینەوە.

ئەبوبەکر کاروانی گوتیشی: ناکرێ ئایندەی ڕوون، یان ناڕوونی گفتوگۆکان لە سەرەتای گفتوگۆکانەوە لێک بدرێتەوە، لە کاری سیاسیدا گرنگ ئەوەیە تۆ چیت پێ دەکرێت، بیکەی، وەڕەقەکانی دەست و ئامانجەکانت لا ڕوون بێت و بژاردەی ڕێگریەکانی بەرامبەریشت لا ڕوون بێت.

دەبێت هەوڵ بدەی بۆ پێکانی ئامانجەکان، هەرێم گفتوگۆ لەگەڵ عێراقدا بکات، پێوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیانەوە هەیە، بۆیە دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان بگەینە ڕێککەوتن. کاروانی دەڵێ: گفتوگۆی نێوان هەردوو حکوومەتی عێراق و کوردستان پێوەندیی بە بودجەی ساڵی 2020 و پرسی نەوت و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بۆیە دەبێ هەوڵی ڕێککەوتن بدرێت لە قازانجی هاوواڵتیانی کوردستان.

بە بڕوای ئەو چاودێرە سیاسییە، لە گفتوگۆی هەرێم و بەغدادا لەسەر نەوت، ناکرێت تەواوی وەرەقەی نەوت و وزە تەسلیم بە بەغدا بکرێت، ئەو بەشە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکرێت کە لە یاسای بودجەدا دیاری دەکرێت. ئەبوبەکر کاروانی دەڵێ: پێویستە لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی هەرێم و بەغدا لە گفتوگۆدان، بۆ پاڵپشتیی حکوومەت، هێزە سیاسییەکانی کورد لە بەرەیەک ڕۆڵ بگێڕن، بەتایبەت پارتی و یەکێتی، پێوەندییان لەگەڵ بەغدا هەبێت لەم قۆناخەدا.

ناوبراو پێیشی وایە: بۆ زیاتر بەهێزکردنی وەرەقەی کوردی لە گفتوگۆکانی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی کوردیش هەبێت، بوونی خۆت لە بەغدا بەکار بێنی لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، ئەوانیش هاوشانی حکوومەتی هەرێم هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی خۆمان . ناوبراو گوتیشی: لە لایەکی ترەوە هەنگاوەکانی چوونەپێشەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئەگەر بێت و بەغدا پابەندی ڕێککەوتن و پێدانی مافەکانی کورد نەبێت، دەتواندرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دژ بە بەغدا بەکاری بهێنینەوە، بەتایبەت ئێستا گرووپ هەیە دژی ڕێککەوتن و دژی سەرۆکوەزیرانی عێراقیش کار بۆ لابردنی دەکەن.

هۆشیار سیوەیلی پێشوازی لە شاندێکی کۆمپانیاکانی پۆڵۆنیا کرد

کشیشتۆف ووجاک: ژینگەی کوردستان لە بواری کشتوکاڵ لەبارە



شاندێکی ئابووری و بازرگانی کۆمپانیاکانی کۆماری پۆڵۆنیا بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەرتی بەشداربوون و ئاسانکاری بۆ کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنان و ئامادەکاری بۆ بەشداری کۆمپانیا ناسراوەکانی پۆڵۆنیا لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر کە لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی 2019 ساز دەکرێت سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لە یەکەم وێستگەی سەردانەکەشیان دا شاندی پۆڵۆنی سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد.

لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، شاندی نوێنەرایەتی کۆمپانیانی پۆڵۆنیا لەلایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە ستافی مەکتەبەوە بە گەرمی پێشوازی کران. شاندەکە پێکهاتبوو لە کشیشتۆف ووجاک ، کە بە نوێنەرایەتی 7 کۆمپانیای ناسراوی پۆڵۆنیا و وەک سەرۆکی ڕێکخراوی ناحکوومی داهێنانی کشتوکاڵی و وەزارەتی کشتوکاڵی کۆماری پۆڵۆنیا بۆ دووەمینجارە لە 2019دا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و ماریک دێرداک، بەرپرسی پڕۆژەی (ئێم ئەند ئێم) و سەرۆکی بەشی ئاوەدانکردنەوە و بنیادنان و پیشەسازی و پسپۆر لە بواری دروستکردنی کۆگای ساردکەرەوە بۆ پاراستنی خۆراک و بەروبومی کشتوکاڵی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، هەروا بە ئامادەبوونی سەرۆکی ڕێکخراوی گەشەپێدانی کوردی - پۆڵۆنی. هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هەڤاڵانی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ کشیشتۆف ووجاک نوێنەری کۆمپانیاکانی پۆڵۆنیا و سەرۆکی ڕێکخراوی ناحکوومی داهێنانی کشتوکاڵی کۆماری پۆڵۆنیا و ئەندامانی شاندەکە دا کۆبۆنەوە، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بە تێروتەسەلی تیشکی خستە سەر دەوڵەمەندی خاکی کوردستان و سامانی مرۆیی و ژینگەی کشتوکاڵی هەرێم بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و لە چەندین بواری جێی بایەخی کۆمپانیاکانی پۆڵۆنی و بیانی بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، هەروا داواشی کرد کە ڕێکخراوی داهێنانی کشتوکاڵی پۆڵۆنیا و کۆمپانیاکانی پۆڵۆنیا و ڕێکخراوەکانی تری هاوشێوە لە ئەورووپا هاوکاربن بە سوودوەرگرتن لە پسپۆڕی و داهێنانی کۆمپانیاکانی پۆڵۆنیا بۆ پێشخستنی داهێنان لە بەروبومی کشتوکاڵی بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان پشت بە تواناکانی ناوخۆیی خۆی ببەستێت، بۆ دووبارە بنیادنانی کەرتی کشتوکاڵی و پێشەسازی بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی خۆراکی. لەلایەکی تریشەوە بە ناوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەموو ئاسانکاری و هەماهەنگییەکیان پێشان دا کە بە هاوکاری دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ژوورەکانی بازرگانی و وەزارەتی ئابووری و بازرگانی و پلاندانان و کۆمپانیاکانی ناوخۆیی ڕێگە خۆش بکرێت بۆ وەبەرهێنەرانی پۆڵۆنی و کۆمپانیاکانی پۆڵۆنی و بیانی کە لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن و بڕیاری بەشداربوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا ناسراوەکانی پۆڵۆنی و ئەورووپی و جیهانی لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێری 2019 دەرفەتێکی باش دەبێت کە بە ڕاوێژ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ژوورەکانی بازرگانی و کارسازانی کوردستان پەیوەندی ئابووری و بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری پۆڵۆنیا و ڕۆڵانی تر فراوانتر بکرێت و پسپۆڕی کارسازان و کۆمپانیاکانی پۆڵۆنی و ئەورووپی بەتایبەتی خزمەت بە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بکات بەتایبەتی لە بواری داهێنانی کشتوکاڵی.

کشیشتۆف ووجاک، سەرۆکی شاند و نوێنەری کۆمپانیاکانی کۆماری پۆڵۆنیا ڕایگەیاند کە ژینگەی کوردستان لە بواری کشتوکاڵی و ئاسایش و سەقامگیری هەرێم لەبار و گونجاوە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی وڵاتەکانیان بە هاوکاری حکوومەتی هەرێم یان وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت هاوکار بێت بۆ بەرزکردنەوە و پێشخستنی ئاستی توانای هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی بەروبومی کشتوکاڵی بۆ پێداویستییەکانی ناوخۆیی، بە تایبەتی کە کاریگەری کەشوهەوا لە سااڵنی ڕابردوو گوشارێکی زۆری خستووەتە سەر سەرچاوەکانی کشتوکاڵی لە ناوچەکە دا کە بەهۆیەوە هەرێمی کوردستان پەنای بردووەتە بەر هاوردەکردنی کاڵا و بەروبومی خۆراکی لە وڵاتانی ناوچەکە کە بووەتە مایەی پشتگوێخستنی داهێنان لە کەرتی کشتوکاڵی و بە هەدەردانی سەرمایەی دارایی هەرێم، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە سەرمایەی کشتوکاڵی و ئاو و سامانی ئاژەڵی و خۆراک کە بە دارشتنی پلانێکی ستراتیژی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەرەو سەربەخۆیی ئابووریەکی بەهێزتر هەنگاو بنێت. سەبارەت بە پرۆژەکانی داهاتووشیان لە هەرێمی کوردستان کە مەبەست لێی دروستکردنی کۆگای ساردکەرەوەی بەروبومی کشتوکاڵی و پاراستنیان لە فەوتان و پێشخستنی سامانی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان دەبێت تاوەکو ڕێگە لە هاتنە ناوەوەی خۆراکی بیانی بگیرێت و سوود لە تواناکانی کشتوکاڵی جوتیاران و وەرزێرانی کوردستان وەربگیرێت لە بواری داهێنانی کشتوکاڵیدا.

کژیشتۆف ووچاک سەرۆکی شاند و نوێنەری کۆمپانیاکانی پۆڵۆنی ڕایگەیاند کە کۆمپانیاکانی پۆڵۆنی و ڕێکخراوەکەیان لە چەندین وڵاتی ئەورووپی و ئاسیای ناوین چالاکن لە بواری وەگەڕخستنی کەرتی کشتوکاڵی و تویژینەوەی کشتوکاڵی و ئەم وڵاتانە سوودیان لە پسپۆڕی و ڕوانگەی ڕێکخراوەکەیان و کۆمپانیاکانی پۆڵۆنی وەرگرتووە بۆ پشت بەخۆبەستن لە بواری داهێنانی کشتوکاڵی بە ڕێگەی دابینکردنی کۆگای ساردکەرەوەی بەروبومی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵی لە وڵاتەکانیان و لەم ڕێگەیەشەوە هەڵی کاریان ڕەخساندووە بۆ گەنجان و پسپۆڕانی بواری داهێنانی کشتوکاڵی کە پشتەستوور بن بە تواناکانی خۆیان و سوود وەربگرن لە تەکنیک و ئامرازی کشتوکاڵی بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و پشتبەستن بە تواناکانی زاتی و ناوخۆیی کوردستان کە بە سوود وەرگرتن لە پسپۆڕی و داهێنانی کشتوکاڵی کۆمپانیاکانی کۆماری پۆڵۆنیا دا هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی سەرکەوتوو لە بواری داهێنانی کشتوکاڵی دەست پێ بکات و چاوەڕوانی ئەنجامێکی سەرکەوتوو دەکەین بۆ هەرێمی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا.



بەهۆی تەقینەوەیەک لە سنووری خانەقین جووتیارێک بریندار بوو

لە ناوچەیەکی نێوان شارەدێی سەعدیەی سەر بە قەزای خانەقین و شارۆچکەی شارەبان، جووتیارێک بە تەقینەوەی بۆمبێک بە تراکتۆرەکەی بریندار بوو و دوای چەند کاتژمێرێک لە هاوەنبارانکردنی ناوچەکە. لەمبارەوە عەلی حەیدەر، ئەفسەری هەواڵگری لە پۆلیسی دیالە، بە خەباتی ڕاگەیاند: نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 2019/8/27 لە ناوچەی ئیمام وەیسی نێوان شارۆچکەی شارەبان و شارەدێی سەعدیە لە قەزای خانەقین، جووتیارێک لەکاتی کێڵانی زەویدا بۆمبێکی چێنراو بە تراکتۆرەکەیدا تەقیوەتەوە و بەو هۆیەوە بریندار بووە. گوتیشی: جووتیارەکە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەش دەستی پێکردووە . ئەو ئەفسەرە ڕاشیگەیاند: شەوی ڕابردوو هەمان ناوچە لەلایەن داعشەوە هاوەنباران کراوە، بەڵام زیانی گیانی لێ نەکەوتووەتەوە.



خێزانێکی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کەنەدا بۆ خەبات :

مەگەر گەلی کورد وەک ئێمەی بەسەرهاتبێت!

لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و هەواڵی میدیاکانەوە ستەم و دەربەدەریی خەڵکی کوردستانم بینیوە و بیستووە

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، خانەوادەیەکی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کەنەدا، لەسەر مێزووی خۆیان و ئەو شاڵاوی سڕینەوەی خاک و کولتوور و ناسنامە و ئایینە قسە دەکات و دەڵێت مەگەر گەلی کورد وەک ئێمەی بەسەرهاتبێ.

جا ساهورا ئەو پیاوەی کە بەشێک لە نەهامەتی و بە ئەورووپیکردنەی هەرێمەکەی (کیوبیک) لە کەنەدا کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی فەرەنسین و چەند جارێک هەوڵی سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە کەندا داوە لە تەنیشت خێزانەکەیەوە ڕاوەستابوو و زۆر بەحەسرەتەوە سەیری جلەکانم و ئەو ئاڵایەی کوردستان کە لەسەر سنگم بوو دەکرد و گوتی: من لە ڕێگەی کەنالەکانی تەلەفزیۆن و هەواڵی میدیاکانەوە، ئەو زوڵم و ستەم و دەربەدەریەی خەڵکی کوردستانم بینیوە و بیستوە بەتایبەتیش ئەوەی پێی دەڵێن ئەنفال و کیمیاباران کە ڕەنگە کورد لە نەتەوە دەگمەنەکان بێت لە میژووی هاوچەرخدا بەو شێوەیەی بەسەر هێنرابێت، بەڵام گوتیشی: ئێمە ساڵانێکی دوورودرێژ پێش خەڵکی کوردستان جینۆساید و دەربەدەرکراین و لەسەر خاک و نیشتمانی خۆمان دەرکراین و هێشتا زۆربەمان بەدەست ئاسەواری ئەو جینۆساید و زوڵم و ستەمەی ژینگە و دەریاچە جوانانەیان بڕیەوە و پیسکرد، بۆیە دەڵێم ئەگەرچی ئێستا حکوومەتی کەنەدا هاوکاری زیاد لە پێویستمان دەکات و دەیەوێت تێکەڵ بە کولتوری ئەورووپی ببین، بەڵام لە ڕاستیدا یەکجار زەحمەتە واز لە ئەسپ و ئاژەڵ و ڕاوەماسی و ژیانی ئاسایی دانیشتوانی خۆمان بهێنین و پێویستە بەدوای ئاشتی و دادپەروەریدا بگەڕێین.

ئەورووپییەکانەوە دەنالێنین، لە دریژەی ئەم دیمانە تایبەتەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات ناوبەناو خاتوو ئانا سین هاوژینی جاساهورا بەشداری دەکرد و دەیگوت: ئەوان بەناوی دۆزینەوەی نەوت و کانزا بەناوی دروستکردنی ڕێگەوبان بەناوی کشتوکاڵ و دابینکردنی داهات و پارە هەموو نیشتمانەکەی ئێمەیان تێکدا و دارستانەکانیان کردە شوێنی کشتوکاڵ و زەوی نیشتەجێبوون و ئەو هەموو ستەمەی دەڵێن ئەنفال و کیمیاباران کە ڕەنگە کورد لە نەتەوە دەگمەنەکان بێت لە میژووی هاوچەرخدا بەو شێوەیەی بەسەر هێنرابێت، بەڵام گوتیشی: ئێمە ساڵانێکی دوورودرێژ پێش خەڵکی کوردستان جینۆساید و دەربەدەرکراین و لەسەر خاک و نیشتمانی خۆمان دەرکراین و هێشتا زۆربەمان بەدەست ئاسەواری ئەو جینۆساید و زوڵم و ستەمەی ژینگە و دەریاچە جوانانەیان بڕیەوە و پیسکرد، بۆیە دەڵێم ئەگەرچی ئێستا حکوومەتی کەنەدا هاوکاری زیاد لە پێویستمان دەکات و دەیەوێت تێکەڵ بە کولتوری ئەورووپی ببین، بەڵام لە ڕاستیدا یەکجار زەحمەتە واز لە ئەسپ و ئاژەڵ و ڕاوەماسی و ژیانی ئاسایی دانیشتوانی خۆمان بهێنین و پێویستە بەدوای ئاشتی و دادپەروەریدا بگەڕێین.

www.xebat.net
هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2020دا
پێنج شەممە 2019/8/29 ژمارە (5817)

عێراق.. سزای لەسێدارەدان بۆ 11 تیرۆریستی داعش دەرکرا

دادگای تاوانەکانی بابل، سزای لەسێدارەدانی بۆ 11 تیرۆریستی داعش بە تاوانی تەقاندنەوەی پردێکی ستراتیژی لە باکووری پارێزگای بابل لە ساڵی 2014دا، دەرکرد.
ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق رایگەیاندووە کە دادگای تاوانەکانی بابل، سزای لەسێدارەدانی بۆ 11 تیرۆریستی داعش بە تاوانی تەقاندنەوەی پردێکی ستراتیژی لە باکووری پارێزگای بابل لە ساڵی 2014دا، دەرکردووە کە بەهۆیەوە ژمارەیەک قوربانی لێکەوتەوە.
لە رایگەیاندراوێکدا ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ئاماژەی بەوەکردووە کە دادگای تاوانەکانی بابل، وردبینی بۆ دۆسیەی 11 تیرۆریستی داعش کرد کە تاوانباران بە تەقاندنەوەی پردێکی ستراتیژی لە باکووری پارێزگای بابل لە ساڵی 2014دا و بەهۆیەوە سێ کارمەندی ئەمنی کوژران و 19ی دیکەش بریندارببوون.
بەپێی راگەیاندراوەکە سزادراوەکان لە میانی لێکۆڵینەوەکاندا، دانیان بەوەناوە کە کردەی تیرۆریستیان لە چەند ناوچەیەکی دیکە ئەنجامداوە. لە راگەیاندراوەکەدا باس لەوەشکراوە کە پشتبەستن بە ماددەی چوار لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، سزای لەسێدارەدان بۆ ئەو تیرۆریستانە دەرکراوە.
ئەنجوومەنی باڵای دادوەری راشیگەیاندووە، سزای لەسێدارەنەکە کە دادگای تاوانەکانی بابل بۆ ئەو 11 تیرۆریستە دەریکردووە، بەرایبە و دەتواندرێت لە دادگای تێهەڵچوونەوە لە ماوەی 30 رۆژدا لە رێککەوتی دەرکردنی، تانەی لێ بدرێت.

ئێران و ئیسرائیل عێراق دەکەنە مەیدانی شەڕ

کاردانەوەی هێرشەکانی سەر حەشدی شەعبی بەردەوامە



خەبات: زانکۆ جاف

ململانێکانی ئیسرائیل و ئێران لەسەر خاکی عێراق و سووریا و لوبنان چڕ تردەبێتەوە و لایەنە شیعە هاوپەیمانەکانی ئێرانیش هەڕەشەی وەڵامدانەوەی توندی هێرشەکانی ئیسرائیل دەکەن، ڕێبەری ڕەوتی سەدر ڕایدەگەیەنێت، ئیسرائیلییەکان دەزانن لە عێراق کۆتاییان پێدێت. لە نوێترین کاردانەوەشدا خالد بن ئەحمەد، وەزیری دەرەوەی بەحرێن، لە تویتێکدا پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل و کردنە ئامانجی هاوپەیمانانی ئێران خستەڕوو.
هاوکات جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە عێراق ڕایدەگەیەنێت، بێدەنگ نابن لە بەرانبەر بە ئامانجگرتنی بارەگاکانیان.

سەرهەڵدانی گرژییەکان

ململانێکانی ئیسرائیل و ئێران لەسەر خاکی عێراق و سووریا و لوبنان چڕتر دەبێتەوە و لایەنە شیعە هاوپەیمانەکانی ئێرانیش هەڕەشەی وەڵامدانەوەی توندی هێرشەکانی ئیسرائیل دەکەن، ڕێبەری ڕەوتی سەدر ڕایدەگەیەنێت، ئیسرائیلییەکان دەزانن لە عێراق کۆتاییان پێدێت. تۆڕی (RT) بڵاویکردەوە، موقتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئیسرائیلییەکان دەزانن لە عێراق کۆتاییان پێدێت، هەر لەبەر ئەوەشە خۆیان دەخەنە نێو یارییەکەوە کە لە خۆیان گەورەترە.
گوتیشی دەبێت حکوومەتی عێراق هەرچی زووترە لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی عێراق دەستپێبکات و ئەگەر کردەوە تیرۆریستییەکانی ئیسرائیل لە عێراق ئاشکرا بوو، دەبێت هەمووان ئارامی بشکێنین، چونکە عێراق ناتوانێت ئەم کردەوە شێتانەیە قبووڵ بکات.
ئاشکراشیکرد، دەبێت عێراقییەکان لە ڕاگەیەندراو و بەیاننامەکان خۆیان بەدوور بگرن، ئەگەرنا دەبێتە گاڵتەجاری هەموان و پێویستە پیرۆزییەکان لەو مەترسییانەی کە لەسەریانە پارێزگاریان لێبکرێت و تەواوی چەک و جبەخانەکانیش بدرێنەوە بە حکوومەت. پێویستە تەواوی سنوورەکان لە گرووپە جۆراوجۆرەکان بپارێزرێن بەتایبەت ئەو گرووپانەی کە دەیانەوێت لە سووریاوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

پشتیوانی بەحرەین بۆ هێرشەکان

خالد بن ئەحمەد، وەزیری دەرەوەی بەحرێن، لە تویتێکدا پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل و کردنە ئامانجی هاوپەیمانانی ئێران خستەڕوو.
وەزیری دەرەوەی بەحرێن نووسیویەتی: ئەوە ئێرانە بە ڕێگەی سوپای پاسداران، حزبوڵای لوبنان، حەشدی شەعبی و حوسییەکانی یەمەن، شەڕی لە دژی ئێمە ڕاگەیاندووە. هەروەها دەشڵێت، هەر وڵاتێک، کە ئەم هێزانەی هاوپەیمانی بکاتە ئامانج، جێی لۆمە و سەرکۆنەکردن نییە و لە ڕاستیدا بەرگری لە خۆی کردووە. بەحرێن بە فەرمی ڕایگەیاندووە، کە لە پەیوەندی لە گەڵ ئێران هەڵوێستیان لە ئیسرائیل نزیکە و تاران وەک سەرەکیترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە وەسف دەکات.

هەڵوێستی عێراق

محەمەد عەلی حەکیم، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق بەرانبەر بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حەشدی شەعبی هەڵوێستی وەرگرت.
وەزیری دەرەوەی عێراق، وێڕای ئیدانەکردنی ئەم هێرشانە دەڵێت، ڕێگە نادەین، کە سەروەری عێراق پێشێل بکرێت. حەکیم ڕاشیگەیاند، کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بەشێکن لە سوپای عێراق.
وەزیری دەرەوەی عێراق، بەرانبەر بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر سووریا و کردنە ئامانجی هاوپەیمانانی ئێران گوتی: پێویستە جەخت لە سەر سەروەری سووریا بکرێتەوە و ڕێکاری سیاسی، تەنها میکانیزمە بۆ چارەسەر و یەکلاکردنەوەی کێشە و پرسە سیاسیەکانی ئەم وڵاتە.

هەڕەشەکانی حەشد

جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە عێراق ڕایدەگەیەنێت، بێدەنگ نابن لە بەرانبەر بە ئامانجگرتنی بارەگاکانیان. ئەبومەهدی موهەندیس جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند بە ئەمەریکییەکان دەڵێین، حەشدی شەعبی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە سەر بە حکوومەتی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، هەروەها بێ دەنگ نابین لە بەرانبەر ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر بارەگاکانمان.
جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئاماژەی بەوەشدا: هێرشەکانی سەر بارەگاکەمان ڕوونە و لە ئێستادا هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکەین کە ئەو مووشەکە لە کوێیەوە ئاڕاستەکراوە، پارچەی مووشەکەکەمان لە بەردەستدایە و بێ دەنگ نابین بەرانبەر ئەو هێرشە.

وەڵامی ئیسرائیل

بنیامین نەتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، هۆشداری توندی دایە لبنان و حزبوڵا و سوپای قودسی ئێران و ڕایگەیاند، ئاگاداری قسەکانتان بن، زیاتریش ئاگاداری کردارەکانتان بن.
نەتانیاهۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گوتی، حەسەن نەسرولاّ باش ئیسرائیل دەناسێت، دەزانێت چۆن بەرگری لە خۆی دەکات و هێرش دەکاتە سەر دوژمنەکانی. دەمەوێت بە نەسرولاّ و وڵاتی لبنان بڵێم کە حزبوڵای لەخۆگرتووە و دەیەوێت ئێمە لەناو ببات، دەمەوێت بە قاسم سلێمانی بڵێم، وریای زمانتان بن و زیاتریش لەو وریای کردارەکانیان بن.
ئەو قسانەی نەتانیاهۆ لە کاتێکدایە، قاسم سولەیمانی فەرماندەری فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران هەڕەشە لە ئیسرائیل کرد، ڕایگەیاند ئێرەپراسیۆنەکانی ئەمدواییەیان لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دوایین گێرەشێوێنیی ئیسرائیل دەبێت.
ماوەی دوو مانگە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەو وڵاتە زیاتر لە چوار جار بارەگا و کۆگای چەکی حەشدی شەعبی لە عێراق بۆردوومان کردووە، هاوکات بە بەردەوامیش هێرش دەکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی سوپای قودس لە سووریا.



یەمەن.. سوپا شاری زەنجباری ناوەندی پارێزگای ئەبین باشووری کۆنترۆڵ کرد

سوپای یەمەن، شاری زەنجبار ناوەندی پارێزگای ئەبین باشووری ئەو وڵاتەی کۆنترۆڵکرد کە لە دەست هێزەکانی سەر بە ئەنجوومەنی ڕاگوزەری باشوور، شاری زەنجبار ناوەندی پارێزگای ئەبین-یان کۆنترۆڵکرد. سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەشکرد کە لە ئێستادا، شاری زەنجبار بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوپا دایە، دوای ئەوەی هێزەکانی سەر بە ئەنجوومەنی ڕاگوزەری باشوور تیادا کشانەوە و بە ئۆتۆمبێلەکانیان بەرەو شاری عەدەن بەرێکەوتن. هاوکات چالاکوانان چەند گرتەیەکی ڤیدیۆییان لەسەر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوە و تیادا ئەوە نیشاندراوە کە ئۆتۆمبێلەکانی هێزەکانی سەر بە ئەنجوومەنی ڕاگوزەری باشوور لە شاری زنجبار دەکشێنەوە و هێزەکانی سوپا دەچنە نێو شارەکەوە. پارێزگای ئەبین دووەم پارێزگایە کە سوپای یەمەن لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سەر بە ئەنجوومەنی ڕاگوزەری باشوور دەردەهێنن و کۆنترۆڵی دەکەنەوە.

بەهۆی ژێرئاوکەوتنی کەشتییەکی کۆچبەران 40 کۆچبەر بێسەروشوێن بوون

لەمسڵدا نزیکەی 900 کۆچبەری نایاسایی لە دەریای ناوەڕاستدا خنکاون

لە ئەنجامی ژێرئاوکەوتنی کەشتییەکی کۆچبەراندا لە دەریای ناوەڕاست، لانیکەم 40 کۆچبەر بێسەروشوێن بوون و پێشبینی دەکرێت گیانیان لەدەستدابێت.
بەپێی ڕاگەیەنراوێکی کۆمسیاری باڵای پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەربەیانی دوێنێ چوارشەمە کەشتییەک کە زۆرینەی سەرنشینەکانی کۆچبەری سوودانی بوون، لە کەناراوەکانی لیبیا ژێرئاو کەوتووە. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە 40 لە کۆچبەرەکان بێسەروشوێنبوون و پێشبینی دەکرێت خنکابن.
هاوکات 65 کۆچبەریش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کەناراوەکە و ڕاوچییەکانەوە ڕزگارکران. کۆچبەرە ڕزگارکراوەکان گوازراونەتەوە بۆ شاری الحمس کە بەدووریی 100 کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی تەرابلوس و لەوێ هاوکاریی پزیشکی و مرۆییان پێشکەش کراوە. هێزە ئەمنییەکانی کەناراوەکانیش ڕایانگەیاندووە، 65 کۆچبەر ڕزگارکراون و تا ئێستاش تەرمی پێنج کۆچبەر دۆزراوەتەوە.
هەفتەی ڕابردووش لە کەناراوەکانی لیبیا150 کۆچبەری نایاسایی گیانیان لەدەستدا و بووە گەورەترین ڕووداو لەمسڵدا بە جارێک زۆرترین ژمارەی کۆچبەر تێیدا گیانیان لەدەستدابێت.
لەمسڵدا نزیکەی900 کۆچبەری نایاسایی لە دەریای ناوەڕاستدا خنکاون. لیبیا یەکێکە لە گرنگترین گوزەرگاکانی کۆچبەرانی ئەفریقا بەرەو ئەورووپا، ئەویش بەهۆی بۆشایی دەسەڵاتەوە لەو وڵاتە.



کارکردن لە جووتسایدی چۆمان- حاجی ئۆمەران دەست پێدەکاتەوە و پڕۆژەیەکی ئاویش جێبەجێ دەکرێت



قایمقامی چۆمان ڕایدەگەیەنێت، کارکردن لە جووتسایدی چۆمان- حاجی ئۆمەران دەست پێدەکاتەوە، کە لە ساڵی 2014ـەوە بە هۆی قەیرانی دارایییەوە کارکردن تێیدا وەستابوو. دەشڵێ، بڕیارە پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاو لە سنووری چۆمان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش، پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاو هەیە، کە بە بڕی 2 ملیار دینار ئەنجام دەدرێت و ئێستا لە قۆناغی دیزاینایە، بەڵام تاوەکو پڕۆژەکە ئەنجام دەدرێت، پێویستمان بە بڕێک پارە هەیە تا کێشەکە بە شێوەیەکی کاتی چارەسەر بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش لێژنەیەکی حکوومەت لە بواری ئەندازیاریيەوە هاتووە بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکەن، چونکە لە وەرزی زستاندا بەفرێکی زۆر دەکەوێت و ئاو بە زەحمەت دەگاتە هاوواڵتیان، بۆیە بڕیارە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

بڕی 2 ملیار دینار جێبەجێ بکرێت و تاوەکو پڕۆژەکەش جێبەجێ دەکرێت، ئەو کێشانەی هەن چارەسەر دەکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش ئەمڕۆ لیژنەیەک لە حکوومەتی هەرێم سەردانی قەزاکەی کردووە. ئەحمەد قادر گوتیشی: یەکێک لە کێشەکانی ئێمە، پچڕانی ئاوە لە سنووری چۆمان، لەبەر ئەوەی شوێنێکی شاخاویی سەختە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش، پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاو هەیە، کە بە بڕی 2 ملیار دینار ئەنجام دەدرێت و ئێستا لە قۆناغی دیزاینایە، بەڵام تاوەکو پڕۆژەکە ئەنجام دەدرێت، پێویستمان بە بڕێک پارە هەیە تا کێشەکە بە شێوەیەکی کاتی چارەسەر بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی حکوومەت لە بواری ئەندازیاریيەوە هاتووە بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکەن، چونکە لە وەرزی زستاندا بەفرێکی زۆر دەکەوێت و ئاو بە زەحمەت دەگاتە هاوواڵتیان، بۆیە بڕیارە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

ساڵی 2014ـەوە کارکردن تێیدا وەستابوو بە هۆی قەیرانی دارایییەوە، بەڵام لە ئێستادا بڕیار دراوە کە کارکردن تێیدا دەست پێ بکاتەوە بە ڕەزامەندی وەزارەتی پلاندانان و ئاودانکردنەوە. قایمقامی چۆمان ڕاشیگەیاند: دەڕێی ڕێگاکە 16 کیلۆمەترە و تێچووەکەشی زیاتر لە51 ملیار دیناڕە، کە پڕۆژەکەش یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکان و کێشەی هاتوچۆی ناوچەکە چارەسەر دەکات. دەشڵێ، بڕیار دراوە پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاو لە سنووری قەزای چۆمان بە سەرچاوەی ئاوی سەرچنار و ئاوی سەرکانیی بۆ ناوچەکە دابین بکرێت، ئەو پڕۆژەیە بە درێژایی ساڵ کار دەکات و ئەنجامدانی بۆ 6 مانگ دەخایەنێت.

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی 16ی ئاب، یادی 73ساڵەی دامەزراندنی پارتیدا، ڕێکەوتی 2019/8/27 لە هۆڵی بارەگای لقی11ی پارتی لە ڕانیە، هیوا گەیلانی بەرپرسی لق، گفتوگۆیەکی کراوەی لەگەڵ ماموستایانی سنووری بییتوێن و پشدەر و مەرگە و خۆشناوەتی ئەنجام دا.

تێیدا باس لە ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆڵ و پێگەی ماموستایان لە ناو کۆمەڵگەدا بەرز و گرنگ نرخێندرا، کە وێڕای ئەرکە پیشەییەکەیان کە پەروەردە و فێرکردنە، هاوکات هەڵوێستە نیشتمانییەکان و داکۆکی کردنیان لە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان لەبەرچاوە. هەروەها باس لە گرفت و کێشە و داخوازییەکانیان کرا و لەو بارەیەوە بەرپرسی لق هەموو پشتیوانییەکی بۆ دووپات کردنەوە.

لە یادی 16 ئابدا لقی 16 خولێکی ڕۆشنبیری بۆ کادیرانی سنوورەکەی دەکاتەوە



لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیگای هەولێر بەئامادەبوونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک زۆر لە ئەندام و لایەنگران، لێژنە ناوچەی نەورۆز لە یادی 16 ئابدا خولێکی ڕۆشنبیری بۆ زیاتر لە 100 کادیری سنوورەکە کردەوە. لەدەسپێکی مەراسیمی کردنەوەی خولەکەدا بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وتڕای دەستخۆشی لەلێژنە ناوچەی ناوبراو ئاماژەی بەگرنگی ئەو جۆرە خولانە کرد بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگا و شارەزابوونیان لەبوارە جیاجیاکاندا. دواتر کاکەمین نەجارِ لە بەشێک لە وتارەکەیدا گوتی: ئەمڕۆ لەکاتێکدا یادی 73هەمین ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە پێویستە زیاتر پەرە بە ئاستی هۆشیاری تاک بدەین بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی تا ئێستا بەدینەهاتوون. لە لایەکی دیکەوە، لێژنەی ناوچەی خەباتی پارتی بە هەمان بۆنەوە خولێکی ڕۆشنبیری بۆ زیاتر لە 73 کادیری سنوری ناوچەکەی کردەوە. لەو بارەوە شەفیع زراری بەرپرسی ناوچەی خەبات بۆ ڕۆژنامەکەمان گوتی: خولەکە ماوەی یەک مانگ بەردەوام دەبێت و کۆمەڵێک لە ماموستایانی زانکۆ و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتیمان و وەزیرانی حکومەتی هەرێم وانە دەڵێنەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەید ڕەئووف سەید مەحمود

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان، خوالێخۆشبوو سەید ڕەئووف سەید مەحمود کانیتوەیی- مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان هەڤاڵ نەورۆز و چەتۆ نەورۆز

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و یاساناس جەواد نەورۆز- ی براتان. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

زاخو... د سالا نوو یا خاندنێ دا پێنج قوتابخانەییێن مودرن دێ کەڤنە خزمەتا قوتابییان دا



خەبات- دهوک: بو دووڤچونا قوناغێن دوماهیێ یێن ئاڤاکرنا چەند قوتابخانان ل ناحییێن باتیفا وەدەرکارێ ول سەنەتەرێ قەزا زاخو دوهی سپێدێ 2019/8/28 ئەندازیا ئوسمان یونس جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن تەکنیکی وچەند ئەندازیارێن کارگێریا خوجهێ ل پارێزگەها دهوکێ سەرا ناحییێن باتیفا وەدەرکارێ وسەنتەرێ قەزا زاخو دا ژلایێ بوتان محسن قایمقام قەزایێ وریڤەبەرێن ناحییێن ناڤبری پێشوازیا لێ هاتە کرن. دهەڤدیتنێن جودا جودا دا بەحسێ ڕەوشا خەلکێ دەڤەرێ وپێدڤیا وان ب پروژێن خزمەتکاری هاتە کرن.

پاش شاندێ کارگێریا پارێزگەهێ سەرا پروژێن ئاڤاکرنا 5 پێنج قوتابخانان کرن وژنێزیک سەحکرە قوناغێن دوماهیێ یێن بجهێنانێ پروژێ ئاڤاکرنا قوتابخانا چیمەن ل سەنتەرێ ناحیا باتیفا- پروژێ ئاڤاکرنا قوتابخانا بنەرەتی ل سەنتەرێ ناحیا دەرکارێ- پروژێ ئاڤاکرنا قوتابخانا تلکەبەرێ ل تاخێ شکەفتمارا ل سەنتەرێ قەزا زاخو- پروژێ ئاڤاکرنا قوتابخانا ڕێکاوە ل تاخێ تلکەبەرێ ل سەنتەرێ قەزا زاخو- پروژێ ئاڤاکرنا قوتابخانەکا نوو ل تاخێ بێدارێ ل سەنتەرێ زاخو.

هەژی گوتنێیە هەر پێنج قوتابخانە 18 پولینە و ژ سێ قاتا وهول وجهێن خزمەتکاری پێکدهێن وب تەرزەکێ مودرن ل سەر بودجا حکومەتا کوردستانێ یا پترودولار بکوژمێ پتر ژ7 ملیون و 240 هزار دولاران هاتینە ئاڤاکرن وهەموو گەهشتینە قوناغێن دوماهیێ یێن ئاڤاکرنێ وبریارە دسالا نوو یا خاندنێ دا 2019-2020بکەڤنە دخزمەتا قوتابییێن وان دەڤەرادان.

ڕێز ل هژمارەیەکا کادرێن دێرین ییێن ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ هاتە گرتن



ل هولا بارەگایێ لقێ 9 و ب بەرهەڤبوونا سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ و کارگێرو ئەندامێن لقێ و سکرتێرێ ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ و بەرپرسێ ناوەندا بلندا لاوان ل ئاکرێ ڕێز ل هژمارەیەکا کادرێن دێرین ییێن ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ هاتە گرتن. پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ و ڕاوەستان ڕێزگرتن ل گیانێ پیروزێ شەهیدێن ڕزگاریخوازیا کوردستانێ و سەرکاروانێ شەهیدان بارزانییێ نەمر وکاک نێچیرڤانێ هەردەم ساخ ، بەرپرسێ لقێ 9 ئاماژە دا گرنگیا ڕۆلێ گەنج ولاوان دنێڤ جڤاکی دا و ڕۆلێ ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ ب بلندی نرخاندن د هوشیارکرنا هەستا نەتەوی و نیشتیمانی، لدویڤ دا ڕێز لێنان ب سەر هژمارەیەکا کادرێن دێرین ییێن ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ ئەوێن کو ب چەندین سالان دڤێ ڕێکخراوێ دا کار کری هاتنە پارڤە کرن.

ڕانیە... ڕۆڵ و پێگەی ماموستایان لە پەروەردە و فێرکردن و هەڵوێستە نیشتمانییەکاندا بەرزنرخێندرا



لە چوارچێوەی چالاکییەکانی 16ی ئاب، یادی 73ساڵەی دامەزراندنی پارتیدا، ڕێکەوتی 2019/8/27 لە هۆڵی بارەگای لقی11ی پارتی لە ڕانیە، هیوا گەیلانی بەرپرسی لق، گفتوگۆیەکی کراوەی لەگەڵ ماموستایانی سنووری بییتوێن و پشدەر و مەرگە و خۆشناوەتی ئەنجام دا.

تێیدا باس لە ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆڵ و پێگەی ماموستایان لە ناو کۆمەڵگەدا بەرز و گرنگ نرخێندرا، کە وێڕای ئەرکە پیشەییەکەیان کە پەروەردە و فێرکردنە، هاوکات هەڵوێستە نیشتمانییەکان و داکۆکی کردنیان لە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان لەبەرچاوە. هەروەها باس لە گرفت و کێشە و داخوازییەکانیان کرا و لەو بارەیەوە بەرپرسی لق هەموو پشتیوانییەکی بۆ دووپات کردنەوە.

وەزارەتی پەروەردە: ئاستی هەندێ قوتابخانەی ئەهلی زۆر نزمە و دادەخرێن

وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی نزمیی ئاستیان، هەندێک قوتابخانەی ئەهلی دادەخات. بورهان ئەرگۆشی، ڕاوێژکاری وەزارەتی پەروەردە، ڕایگەیاند، لێژنەیەکی باڵا لە وەزارەتی پەروەردە بە سەرپەرشتیی د. ئالان حەمە سەعید، وەزیری پەروەردە، پێداچوونەوە بە قوتابخانە و پەیمانگە و باخچەکانی ساوایانی ئەهلی دەکات. هەروەها ڕایگەیاندووە، بەداخەوە ئاستی هەندێک قوتابخانەی ئەهلی زۆر زۆر نزمە لیژنەکە بڕیاری داخستنیان دەدات و مۆڵەتەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە. هەروەها ئاماژەی بە چارەنووسی ئەو قوتابییانەی قوتابخانەکانیان دادەخرێت داوە و ڕایگەیاندووە، مافی قوتابیانی خۆشەویست پارێزراو دەبێت و هیچ مەترسییەک بۆ سەر پاشەڕۆژی ئەو قوتابیانە نابێت.

قوتابییەکی دکتۆرای زانکۆی سەلاحەددین چارەسەرێکی نوێ بۆ نەخۆشییەکانی شێرپەنجە دەدۆزێتەوە



پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، لەپێشوازی د.فرانچیسکۆ موچا، کە سەرپەرشتیاری دەرەکی قوتابی دکتۆرا لە پرۆگرامی سپلیت ساید پاوان سیروان فارس، کە قوتابی دکتۆرایە چارەسەرێکی نوێی بۆ نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و دەرمانی نوێ دۆزیوەتەوە بەتایبەتی لەنێو پێکهاتەی خانەکان. سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین دەستخۆشی لەقوتابی دکتۆراکە و سەرپەرشتیاری دەرەکی و ناخۆیی پرۆگرامی سپلیت ساید کرد بۆ ئەو ئەنجامە گرنگەی کە بەدەستیانهێناوە لەبواری چارسەری نەخۆشییەکان شێرپەنجە و دیاریکردنی دەرمانی نوێ، هەر لەمبارەیەوە د.مەزهەر سابیر شێخە کە سەرپەرشتیاری ناوخۆیی ئەو قوتابییەیە، ئەو جۆرە داهێنانەی لەلایەن قوتابییەکەیەوە بەکارێکی گرنگ زانی لەبواری چارسەریەکانی نەخۆشییەکانی بەدەستیهێناوە، لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی زانکۆ بەگرنگی زانی قوتابییەکە لە10 بڵاوکراوەی ئاست بەرزی جیهانی توێژینەوەکانی بڵاوکردۆتەوە، کە لەنێوەندی توێژینەوە جیهانییەکان ناونراوە هۆکارەکانی کاریگەری توێژینەوە ئەمەش وەک دەستکەوتێکی گرنگ دەژمێردرێ.

لە هەولێر حەوت کارگەی بێ مۆڵەتی سیستەمی غازی L.P.G ئۆتۆمبێل داخران

لەراگەیاندراوێکدا قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر بڵاوی کردەوە کە لەگەڵ هەریەک لەبەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر و پۆلیسی شارەوانی پشکنین وبەدواداچوون بۆکارگە و وەرشەی بەستنی سیستەمی غازی L.P.G ئۆتۆمبێل لەشاری هەولێر ئەنجام درا. ڕاشیدەگەیەنن، بەهۆی نەبوونی مۆڵەت سەرجەمیان داخران هەڵمەتەکەش بەردەوام دەبێت تاکو سەرجەم کارگە و وەرشەکان بەسەر دەکرێنەوە ئەمەش لەپێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتیانە.

هەولێر... 25 کۆمپانیای ئەڵمانی کاڵای خۆیان نمایشکرد

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ئەسکەندەر محەمەد بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم ڕوونیکردەوە: بە ئاماژەبوونی ژمارەیەک لە بزنسمانان و بازرگانان لەلایەن یەکێتی ژووری پیشەسازی و بازرگانیەکانی ئەڵمانیا پێشانگایەک بۆ پیشاندانی کەلوپەل و کاڵای ئەڵمانیا لە چەندین سێکتەر لە شاری هەولێر لە ڕێگەی پڕۆژۆرو کەتەلۆگەوە پیشاندرا، ئامانج لەو پێشانگایە نمایشکردن و پیشاندانی کەلوپەلی وڵاتی ئەڵمانیا بوو بۆ بازرگانان و کۆمپانیاکانی کوردستان و ئەنجامدانی گرێبەستێک لە نێوان کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا و کوردستان، جگە لەوەش دەرفەتێکیشە بۆ بازرگانان و کۆمپانیاکانی کوردستان تا ڕاستەوخۆ لەو پێشانگایەدا بتوانن لە دەستی یەک کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیا ئەڵمانیەکان بکەن و کەل و پەلەکان بکڕن. بڕیاریش وایە ئەمساڵ کۆمپانیا ئەڵمانیەکان بەشداری لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێردا بکەن.

www.xebat.net
خەبات
پێنج شەمە 2019/8/29 ژمارە (5817)

ئاستی زانستیی و مەعریفی زانکۆ لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی «خەبات» دا

مامۆستا و قوتابیانی زانکۆ قسەی جیاوازیان هەیە

مامۆستایەک: فێربوون نەکراوە بە سەنتەری خوێندن، بەڵکو تەواوکردنی پڕۆگرام کراوە بە سەنتەری فێربوون

قوتابییەک: ناهەقیکردن بەرانبەر یەکەمەکان وادەکات قوتابی ساردبێتەوە لە هەوڵدان



2-2

بەدواداچوون: سومەییە کاوێژ

زانکۆ ئەو شوێنەیە کە نەوەکانی داهاتووی وڵات تیایدا فێری زانست دەبن و بە جیهانی پێشکەوتن و زانست و شارستانیەت ئاشناو هۆشیار دەبنەوە. ئەگەر بمانەوێت وڵات پێشبکەوێت و نەوەیەکی هۆشیارمان هەبێ، دەبێت هەوڵی بەرەو پێش بردنی سیستەمی خوێندن بدەین لە هەموو قۆناغەکانەوە، بەڵام ئایا ئاست و کوالێتی زانکۆکانی ئێمە بەو شێوەیەیە کە قوتابی و خوێندکاری داهێنەر و پێگەیشتوو دروست بکات؟ ئەی ئاستی قوتابی لەرووی زانستییەوە تا چەندە؟ کێشەکانی زانکۆ چین و چارەسەری ئەو کێشانە چین؟ لەم بەدواداچوونەدا وەڵامی ئەو پرسیارە گشتییانە لە قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ وەردەگرینەوە:

ژمارە: ٤٧٥/ج/٢٠١٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ رێباز خورشید ابوبکر
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٤٧٥/ج/٢٠١٧ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٧/١٧ دادگا بڕیاریدا بە لەسێدارەدانت تا مردن بەپێی ماددەی ١/١/٤٠٦أ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٩/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ فرحان محمد عمر
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢٩/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ دادگا بڕیاریدا بە لەسێدارەدانت تا مردن بەپێی ماددەی ١/١/٤٠٦أ-ز لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٦٥/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ عباس طاهر قادر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/١٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢١٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هەرێم قاسم عبدالعزیز)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٢ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٠٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (نیدار محمد سعید)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤ لە یاسای ژمارە ٢٢ لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢١٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (جمیل علی محمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٨ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٧٨٠/ك٢/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد یاسین حسین
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداوای ٧٨٠/ك٢/٢٠١٩ تۆمەتباری هەڵاتوو (محمد یاسین حسین) شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٤ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە (٢٣٨) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەرێوە دەچێت بەگوێرەی رێساکان.

دادوەر/ حسن علی مراد امین
* * *

دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە: ٦٨/ك/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: تحسین یاسین حسین
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢ بەپێی ماددەی یاسایی (٢٤٠) لە یاسای سزاکان، بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکەت ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ عادل عمر عبدالله
* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە: ١٩٣/ك/ ٢٠١٦
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محاسن طالب رشید
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە پشت بە ماددەی/١٤٣/ج لە یاسای بنەماکانی دادگای سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە، کە تۆمەتباری بەبێ مادەی (٤٤٦) لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٢ بۆ دادگای کردنت بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر دادگا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/ ١
ژمارە: ٦٦٠/ ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: طە مغدید محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٢٢) لە یاسای سزاکان، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٦٥٢/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: شڤان أنور عیسی
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ حسن علی مرا امین
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٦٦٤/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد کاك أحمد محمد امین
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٩) لە یاسای سزاکان، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ حسن علی مرا امین
* * *

دادگای کەتنی سۆران
ژمارە: ١٤٧/ك/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ناصح عثمان قادر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە پاڵپشت بە ماددەی/ (١٤٣/ج) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە کەوا لەبەردەم دادگای کەتنی سۆران کاتژمێر (١٠:٠٠) دەی سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٧ ئامادە بیت بە بەمەبەستی دادگایی کردنت لە داوای ژمارە (١٤٧: ك: ٢٠١٩) تایبەت بە سکالاکار (احمد حسن قادر) بەپێی ماددەی (٤٥٧) لە یاسای سزادان، بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت بەرێوە دەچێت.
دادوەر/ بلال غازی کاك امین
* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٦/ ك. س/ ٢٠١٦
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ارکان زهیر ابراهیم و رائد میخو اسکندەر
پێ راگەیاندن بە بڕیار
ئەم دادگایە بڕیاری پاشملەی لە بەرامبەرتان دەرکرد بە بەندکردنتنان بۆ ماوەی (٣) مانگ بەپێی ماددە (٩٩) لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران) و بە دەلالەتی ماددەکانی (٣٠ و ٣٥) لە هەمان یاساو لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان بەم بڕیارە بە دوو رۆژنامەی ناوخۆ. و بۆتان هەیە بە دەربڕینی نارەزایی و تانە لێدان بە پێداچوونەوە لە ماوەی (٣) سێ مانگ بەپێی ماددە (٢٤٣) لە یاسای بنەماکانی سزایی و پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی بنبڕ وەردەگرێت و رێکاری یاسایی لە دژتان وەردەگرێت.
دادوەر/ عبدالباسط مسعود احمد
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/ ٣
ژمارە: ١٦٥/ ك٣/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: فؤاد مجید شێخۆ
ئاگادارکردنەوەی (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە (١٦٥/ ك٣/ ٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٧/٢٣ لەسەرت بە زیندانی کردنی (الحبس) بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ بەپێی ماددەی (٢٣٨) لە یاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بڕیار درا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە رێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٦٥٨/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: بروا کمال محمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٢) لە یاسای (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٥٤٦٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٧

بڕیار
ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (کارتال)ی تورکی بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و بازرگانی/سنوردار) راستێندراوە لە قونسلخانەی عیراقی لە ولاتی (تورکیا) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٨/٨) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەرێز (سلیم عباس قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کارتال ی تورکی) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی و بازرگانی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Inventory Management Supervisor
Work Location	Field-Zakho (Tawke)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
Tawke Inventory Management activities including but not limited to:
- Inventory identification, segregation, stock counting and setting of min/max stock levels for all Production Critical and Non-Critical spares. Physical inventory and spare holdings are mirrored in Epicor. Ensure a full Production and Projects / Facilities inventory audit can be undertaken by mid-2019 and thereafter.
- Mentor and coach warehouse team members and provide training and support to team development.

Manage and supervise special projects including but not limited to:
- Summail materials consolidation and reporting, until completion.
- Implementation of Epicor 10 / warehousing module;
- Development of a fit for purpose gate pass system to ensure internal clients and as well as suppliers / contractors delivering materials and equipment do not have direct access to warehouse material and equipment inventory, and security measures taken to include outward inspection of vehicles leaving warehouse and yard facilities.
- Other project on an as required basis

Required Qualifications & Experience:

- 15+ years relevant materials management experience;
- High proficiency in use of ERP systems such as SAP / JD Edwards, Maximo, Epicor, or equivalent.
- Sound knowledge of Integrated Work Management System in Supply Chain;
- Demonstrable skills & experience in inventory and materials management & logistics to support drilling, production & projects;
- Awareness of Best Practices in corporate and project supply chain procedures;
- Min 5 years working knowledge in more senior Supply Chain positions;
- Preference for CIPS or CILT (or equivalent) certification and experience with other International Oil & Gas Companies.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

چیرۆکی ئادیان و ئادیامان



نووسینی : ئەحمەد کامەران

ئادیان و ئادیامان دوو هاوڕێی و دوو برا بوون کە بە بەردەوامی بەیەکەوە بوون. هەروەها لەیەک شار و لەیەک گەڕەکدا لە دایک ببوون، بەڵام ئادیان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە باوکی کۆچی دوایی دەکات،بەڵام دایکی وادەکات کە هەست بە نەبوونی باوکیان نەکەن کە لەهەمان کاتدا باوکایەتی و دایکایەتی بۆ کوڕ و کچەکەی دەکات کە هەڵدەستێت بە کاری کارگوزاری لە نێو ماڵانی خەڵکدا بۆ ئەوەی بتوانێت بژێوی منداڵەکانی دابین بکات و ئادیانی کوڕی لە خوێندندا بەردەوام بێت تاوەکو داهاتوویەک بۆخۆی و خێزانەکەی بدۆزێتەوە کە لە هەژاری ڕزگاریان بکات، خوشکەکەی ئادیان ناوی (سۆلین) بوو بەڵام ئەو زۆر نەخۆش بوو تەندروستیەکی زۆر خراپی هەبوو کە نەیتوانی لەسەر هەردوو پێیەکانی خۆی بڕوات، پێویستیشی بە چارەسەرێکی زۆر گەورە هەبوو، بەڵام بە هۆی خراپی بارودۆخی داراییان نەیان توانی چارەسەری بکەن بەڵام دایکی هەرگیز بێ هیوا نەبوو لە چارەسەری کچە تاقانەکەیدا.

بەڵام هاوڕێکەی ئادیان کەناوی (ئادیامان) بوو خێزانەکەیان لەڕووی دارایی باش بوون وە سەرجەم پێداویستیەکانی کوڕەکەیان دابین کردبوو، هەرچەندە دایکی ئادیانیش بە بەردەوامی بە ڕۆژو شەوان کاری دەکرد بۆ ئەوەی کوڕەکەی لە قوتابخانەدا لەنێو هاوڕێکانیدا لە هیچ شتێکی کەم نەبێت و هەست بە کەمی خۆی نەکات لە نێو هاوڕیکانیدا، ئیتر بەم شێوەیە ئادیان و ئادیامان ڕۆژ بە ڕۆژ هاوڕێتیەکەیان بەهێز دەبێت و بەردەوام دەبن لە خوێندنەکەیان ڕووبەڕوی سەرجەم ئاستەنگەکان دەبنەوە کە دێتە پێشیان،کەچی ڕۆژێکیان ئادیان و ئادیامان لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە ئادیامان بە ئادیانی هاوڕێی دەڵێت : وەرە با ئەمڕۆ لە مالّی ئێمە بین بۆ خۆمان دەخوێنین و یاریش دەکەین. ئادیانیش دەڵێ باشە هاوڕێی گیان من دێمە مالّی ئێوە. کاتێک دەڕۆنە مالّەوە ئادیان دایکی دەبینێت کە کاری پاکردنەوە بۆ مالّی هاوڕێکەی دەکات، ئادیانیش ڕاستەوخۆ دەست بە گریان دەکات و مالّەکە بە جێ دەهێلێت و دایکیشی بەدوای دەکەوێت و پێ دەڵێت : کوڕە ئازیزەکەم من هیچ کارێکی هەڵەم نەکردووە تاوەکو تۆ هەست بە شەرمەزاری بکەی من تەنها لە نێو مالاندا کاری پاک کردنەوە دەکەم بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی تۆ و خوشکە نەخۆشەکەت دابین بکەم. هەروەها پێشی دەڵێت کوڕم من هیوایەکی زۆرم پێتە کە تۆ ژیانی خوشکە بچووکەکەت چاک دەکەیت و وە لەم هەژاریەدا ئێمە ڕزگار دەکەیت. ئادیان بەو قسەی دایکی، ئیتر زۆر کاریگەر دەبێت و بە گریانەوە باوەشێکی توند بەدایکی دەکات و دەڵێت : دایکە گیان ئێمە ڕۆژێک دێت ئەم هەموو ناخۆشیانە تێدەپەڕێنین و خوشکەکەشم چاک دەبێتەوە و لەسەر هەردوو پێیەکانی خۆی ڕادەوەستێتەوە لەگەڵ ئەم ژیانەدا جەنگی خۆی دەکات.

ئیتر ڕۆژێکیان ئادیان و ئادیامان لەپگادان بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ قوتابخانە، بەڵام بڕیارەکەیان دەگۆڕن و دەڕۆنە ناو دارستانێکەوە لەوێ دەست بە کەن بە گفتوگۆکردن لە نێوان خۆیاندا سەبارەت بە داهاتووی خۆیاندا. هەرچەندە ئادیان و ئادیامان جگە لەوەی هاوڕێ بوون هەمیشە وەکو دوو برایش وابوون بۆ یەکتری کە هەردووکیان هەمان ئامانجیان هەبوو لە ژیاندا ئامانجەکەیشیان ئەوەبوو کە لە داهاتوو دا بە هەر کارێک و پیشەیەک بێت بتوانن، یارمەتی هەژاران و منداڵانی بێکەس و نەخۆشەکان بدەن،بۆیە ڕاستەوخۆ دەستیان خستە نێو دەستی یەکتری و بە دەنگێکی بەرزەوە لەنێو دارستانەکەدا هاواریان کرد و وتیان ئێمە سەردەکەوین و دەگەینە ئامانجەکانی خۆمان، بێگومان سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکان، هەوڵدانێکی لە ڕادەبەدەری دەوێت. ئیتر بەم شێوەیە ئەم دوو هاوڕێی کۆڵنەدەدەرە بەردەوام بوون لە هەوڵدانەکانیان لە ئەنجامیشدا، نزیک بوونەوە لە ئامانجەکانیان کە ئادیان توانی لە کۆلێژی پزیشکی وەربگیرێت و ئادیامانیش لە بەشی یاسا وەرگیرا کە هەمیشە دەیوت من بە هەرچەندە دایکی دایک و باوکی ئادیامان سەرەتا ڕێگریان لە کوڕەکەیان کرد کە کار بکات چونکە پێیان وت : کوڕم تۆ لە هیچ شتێکت کەم نیە تاوەکو بڕۆیت کار بکەی ئێمە هەموو پێداویستیەکانی زانکۆت بە زیادەوە بۆ دابین دەکەین، ئادیامان بە دایک و باوکی وت: من ئەو کارە دەکەم تەنها بۆ ئەوەی لە پشتی هاوڕێکەی خۆم بم.

ئیتر ئەو دوو هاوڕێیە توانیان قۆناغەکانی زانکۆ بە سەرکەوتوویی ببڕن و لە پاڵ ئەوەش توانییان خواردنگە بچووکەکەیان ببەن بە ڕێوە کە داهاتێکی گرنگ بوو بۆ خێزانەکەی ئادیان وە ڕۆژێکیان دوو منداڵی بێکەس کە بەلای خواردنگە بچووکەکەی ئادیان و ئادیامان تێپەڕەدبن بەڵام هیچ پارەیەکیان پێیان نەبوو بۆ ئەوەی ژەمێکی خواردن بکڕن و بە گریانەوە لە ئادیان و ئادیامان پارانەوە کە ژەمێکی خواردنیان پێ بدەن . یەکێک لە منداڵە بێکەسەکان وتی : من دوو ڕۆژە تامی هیچ خواردنێکم نەکردووە. ئیتر ئەم دوو هاوڕێیەش وتیان ئەمە یەکەم یارمەتی دانی بچووکمان دەبێت کە پێشکەشی ئەم دوو منداڵە بێکەسەی دەکەین، بەڵام ئیتر هەتا کۆتایی تەمەنیان ئەو خواردنگە بچووکە نەبوو بە هاوڕێی و هۆکاری بژێویان،چوونکە ئەو دوانە ئیتر کۆلێژیان تەواو کرد و ئادیان لە یەکێک لە نەخۆشخانە تایبەتیەکان دەستبەکار بوو هەروەها ئادیامانی هاوڕێی نووسینگەیەکی تایبەت بە خۆی دانا بۆ کاری پارێزەری کە زۆربەی کارەکانی بە بێ بەرامبەر ئەنجام دا بۆ کەسانی هەژار و لێقەوماوان. هەروەها بووە دەنگێکی ڕاستەقینە بۆ کەسانی ستەملێکراو، چونکە ئەوە بەشێک بوو لە ئاواتەکانی ئادیامان کە پیشەکەی سەرەتا بخاتە خزمەتی خەڵکەکەی. دوایش لەخزمەتی خۆی، ئادیامان جگە لە نووسینگە تایبەتیەکەی خۆی لەلایەن کۆمپانیەکەوە بانگهێشت کرا کە وەکو پارێزەر کار بکات بەهۆی ئەو ناوبانگە جوانە کە لەلای خەڵک پەیدای کردبوو بۆیە وای لە خاوەن کۆمپانیاکە کردبوو کە بیکاتە پارێزەری کۆمپانیاکە، هەرچەندە ئادیانی هاوڕێشی بەردەوام بوو لە خزمەت کردن لە پیشەکەی خۆیدا، کە ڕۆژێکیان کەسێکی بەتەمەن بە پەلە دەهێنرێتە ئەو نەخۆشخانە تایبەتە کە ئادیان کاری تێدا دەکرد، کەسە بە تەمەنەکە پێویستی بە نەشتەرگەریەکی گەورەیە بوو کە تەنها لەو نەخۆشخانە تایبەتە ئەنجام دەدرا بەڵام بڕێکی پارەی زۆری دەویست بۆ نەشتەرگەریەکە، لە ئەنجام دا دەمەقاڵێ ڕوویداله نێوان خێزانی کەسە بە تەمەنەکە و لەگەڵ بەشێک لە کارمەندانی نەخۆشخانەکە بەڵام ڕاستەوخۆ ئادیان گەیشتە لایان و وتی : ئەو دەمە قاڵیە چیە. ڕاستەوخۆ کارمەندی بەشی ژمێریاریەکە وتی : دکتۆر ئەم خێزانە پێویستیان بە نەشتەرگەریە بۆ ئەم کەسە بەتەمەنەیان بەڵام ئەو بڕە پارە زۆرەیان پێ نیە. ئادیانیش بە تووڕەییەوە وتی : ئەوە کەی کێشەیە ئەم شوێنە بۆ خزمەتکردنی نەخۆش و هەژارانە نەک بۆ بازرگانی کردن، ئادیان بە کارمەندەکەی وت : من بەشەکەی خۆم وەر ناگرم لەم بەڕێزە بۆ نەشتەرگەریەکەی و بەشەکەی تریشی تایبەت بە خۆشخانەکەتان من بە مووچەکەی خۆم پێتانی دەدەم بۆیە تکایە ڕاستەوخۆ ئەم بەڕێزە ڕەوانەی ژووری نەشتەرگەری بکەن بۆ ئەوەی نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجام بدەم.خێزانی کەسە بەتەمەنەکە هەوڵدەدات دەستی ئادیان ماچ بکات و دەڵێت : هەرگیز شتی وا مەکە چونکە ئەوە ئەرکی سەر شانی خۆمە، چونکە من لەمندالییەوە ئامانجم یارمەتی دانی خەڵکی هەژار بووە ، جگە لەوەش خوشکێکم هەیە کە ڕۆژێک هیوای چاک بوونەوەی بۆ دەخوازم، ئیتر ئادیان نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجام داو توانی وەکو جاران بگەڕێتەوە بۆ ژیانی خۆی ،ئیتر بەم شێوەیە ئەو دوو هاوڕێیە توانیان بەردەوام بن لە خزمەت کردنەکانیان بەرامبەر بە خەڵک و کەسی هەژار دا، ئادیامان دوای چەندین ساڵ لە نووسینگەکەی خۆیدا لە کۆمپانیاکەش کە وەکو پارێزەر کاری دەکرد، بەڵام بۆ دواجار مالّ ئاوایی لە هەردووکیان کرد چونکە ئیتر خۆی بووە خاوەنی کۆمپانیایەکی گەورە و لەسەرەتا دەستیکرد بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورە کە ئادیانی هاوڕێی تێدا بووە بەڕێوبەر و خزمەتکاری نەخۆشخانەکە لەگەڵ دابینکردنی سەرجەم پێداویستیە پزیشکیەکان و لەگەڵ چەندان دکتۆری بە ئەزموونی هێنایە نێو نەخۆشخانەکەوە، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خوشکەکەی ئادیان لەو نەخۆشخانەیە چارەسەر وەربگرێت . جگە لەوەش ئادیامان هەستا بە ناو خانوویەکی بچووک و ساده، ئەمەش بیدە بە چەندین کەسی هەژار با بۆ خۆیان لە ناوی دا بحەسێنەوە ئیتر بەم شێوەیە دایک و کچ و کوڕ هەرسێکیان باوەش بە یەکدی دەکەن و خەندە لەسەر لێوەکانیان بزەی لێوە دێت،ئادیامان پەیوەندی بە ئادیانی هاوڕێی دەکات دەڵێت : هاوڕێکەم وەرە بۆ ئەو دارستانەکە کە پەیمانمان بەست. ئادیانیش دەڵێت :زۆرباشە هاوڕێگیان کەمێکی تر دێم بۆ ئەوێ. ئیتر هەردووکیان لەوێ دووبارە یەکتر دەگرن و ئەو جارە بە دەنگی بەرزەوە دەڵێن : ئێمە گەیشتینە ئامانجەکانی خۆمان و بەردەوام دەبین لە یارمەتیدانی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت هەتا ئەو ڕۆژەی هەناسە هەڵدەمژین لەو ژیانەدا.



تابوتی خۆشەویستی

ژیلوان محەمەد



خۆشەویستیت نەفرەتێکە
زۆر حەزدەکەم وەک باخچەکەم
گوڵێکی جوانکیلە بگرێ
* * *
خۆشەویستیت درەختێکە
زۆر حەزدەکەم جوتیارێیم
جاجار میوەی بۆ من بڕوێت
* * *
خۆشەویستیت گۆزەیەکە
زۆر حەزدەم جارێ بێتوو
لەلای منداً ئاوێ بڕژێت
* * *
خۆشەویستیت پەیکەرێکە
زۆر حەزدەکەم ڕۆژێ دابێت
شێوەی دڵی من بگرێت
* * *
خۆشەویستیت تابوتێکە
زۆر حەزدەکەم لەناو گۆڕی
تەنهایی منداً بنێژرێت
* * *
خۆشەویستیت ئاوازێکە
واهەست دەکەم دوای مردنم
نۆتەکانی بۆ من دەزێت
* * *
خۆشەویستیت ڕۆمانێکی زۆر مەزنە
باش دەزانم هەزاران دڵ لەخۆی دەگرێت
سەدان بەشی بچوک دەبێت

ئەم ڕۆژگارە دابەشکەین



سەرکەوت ژین

بۆ نایەی ..
ئەم ڕۆژگارە دابەش کەین
تۆ پێخاوس بە سەر سەکۆی ..
خەوبردنەوەم بڕۆ
منیش ئەم پەپولانەی لەگەڵ
هەنگاوەکان بەسەرتەوە ئەفڕن ..
لە خۆ ئەگرم
وەرە با بۆ خۆمان ئێوارانیش دابەش کەین
تۆ قاوەیەک لەسەر ئاگرێکی کز ساز کە ..
منیش بەرامبەرت دائەنیشم حەسرەت ئەچێژم ..
تا گڕ ئەگرم
وەرە با بەیانیانیش دابەش دوو کەین
تۆ شەڕم پێ بفرۆشە و چەرچەفم لەسەر لادە
منیش شەڕ لەگەڵ ڕۆژ ئەکەم
نایەڵم تیشک نیگات ماچ کە
وەرە کاتەکانی چێشتان دابەش کەین
تۆ چاوەکانت هەڵێنە.. منیش دڵم بەسەرتا دائەخەم
وەرە ماچ بارانم کە
منیش بە ئەوین دڵ و دەروونت ئاو ئەدەم
وەرە خۆت بە منەوە بگرە
منیش سەرتاپا خۆمت پێشکەش ئەکەم
تۆ وەرە تریفەکانی دڵم بگرە ..
منیش خۆم بۆ دڵت زیندان ئەکەم
ئەگەر بە چرپە پێت ووتم خۆشتم ئەوێ
منیش یەک بە دەنگ هاوار ئەکەم
خۆشتم ئەوێ شازادەکەم

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/8/29 ژمارە (5817)
خەبات

دروست کردنی بینەر لە شانۆی کوردی دا



حەیدەر عەبدولڕەحمان

پرسیارێکی گرنگم هەبوو بۆ هەموو شانۆکارانی کوردستان، ویستم بپرسم ئاخۆ هۆی چیە ئامایشێکی شانۆیی کوردی زێتر لە 2500 بینەری هەبێت و بۆ ماوەی 18 ڕۆژ لە ئامایش کردندا بەردەوام بێت و هۆڵی شانۆیی جمەی بێت لەبینەران، کەچی ئامایشی تریش هەبێ بینەر بۆ تەنیا جارێکیش سەلیقەی بینینی نەبێ و و بیەوێت وەک چۆلەکەیەکی هەناسە لێ بڕاو لە قەفەزدا پەنجەردەیەک بدۆزێتەوەو بفڕێت و خۆی ڕزگار بکات؟

ئایا ئەو بەردەوام بوونەی بە زیندوو ڕاگرتنی شانۆ، یاخود فاکتەرەکانی مردنی شانۆ لەدەسەلاتی کێ دایە، یان کێ لێی بەرپرسیارە؟ بێگومان بەپلەی یەکەم دەرهێنەرە کە پێشەنگی کارە و شادەماری خوێنی شانۆ بە زیندوو ڕاگرتن، یان کوشتنی شانۆیە.

دەرهێنەر ئەو کەسە ساحیرە لێزانەیە کە هەموو ئامرازەکانی گەمەی شانۆیی بەکار دێنێ، بۆ ئەوەی بینەر بخاتە ژێر کاریگەرییەکانی ئامایش ..

دەرهێنەر لەشانۆدا دوو جەمسەری گرنگی بە دەستەوەیە، یەکێکیان بە هاوسەنگ ڕاگرتنی ریتمی ئامایشە لە ڕێگەی پیرفۆرمانسی ئەکتەرو سینۆگرافیای شانۆیی .

دووهەمیان: بەهاوسەنگ ڕاگرتنی چێژی بینەرە بۆ وەرگرتن و دانەپچڕان لەبەردەوام بوونی وەرگرتنی ئەو چێژە، ئەگەر هەر کاتێ ئەو دوو جەمسەرە بەیەک ئاراستەو بەیەک ئاست لەریتم وەرگرتن نەڕۆیشتن ، ئەوە ریتمی هاوسەنگ ڕاگرتنی ئامایش لەنگ دەبێت و مەودای نێوان ئمایش و بینەر دەڕوخێ و زۆر بە خێرایی ئمایش دەمرێت، ئیدی هیچ دەسەلاتێک بەدەست دەرهێنەرەوە نامێنێ بۆ ئەوەی شانۆیەکی مردوو لە سەر شانۆ زیندوو بکاتەوە .

بەڵام دەکرێ بپرسین ئاخۆ سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ڕاگرتنی ریتمی ئمایش و سەرچاوەکانی ووژاندنی بینەر لەکوێ دایە ؟

پیرفۆرمانسی ئەکتەر

بێگومان لەکۆی گشتی ئمایشدا نواندن و ئەکتەر، کرۆکی بەزیندوو ڕاگرتنی ئمایشن کەدەتوانن بە پێرفۆرمانسی ئەکتەر و بەرجەستە کردنی جەستە، ئەکتەر ببێتە سەرچاوەی سەرنج ڕاکێشانی بینەرو ووژاندنی ...

هەر کات ئەکتەر توانی ببێتە نیگار کێشێکی سەرکەوتوو لە ڕەسم کردنی فۆرمی ناوەوەو دەرەوەی کاراکتەر بە تایبەت لە ڕووی بەرجەستە کردنی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی ، ئەوە دەتوانێت تایبەتمەندییەکی جیاواز لە کاراکتەرەکانی دیکە دروست بکات و وەک ئەکتەر کاریگەری ئەکتیفی هەبێت لە ڕاگرتنی ریتمی ئمایش و ووژاندنی بینەر بە هەموو هەستە جیاوازییەکانییەوە..

کاریگەرییەکانی سینۆگرافیا لەسەر بینەر

بەڵام جگە لەئەکتەر دەرهێنەر زۆر کارتی دیکەی بەدەستەوەیە بۆ ووژاندنی بینەرو کەوتنە ژێر کاریگەری سیحری شانۆ، بەتایبەت ئەو کارتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەچاوی بینەرەوە هەیە، لەوانەش (سینۆگرافیا) بەتایبەت (تەکنیکی شانۆیی) کە دەتوانێت بەهێما و ڕووناکی چاوی بینەر تێز بکات لەجوانی، لەو تەکنیکەدا دەرهێنەر فاکتەرە ووژێنەرەکانی وەک بەکارهێنانی ڕووناکی، بۆ تاریک و ڕوون کردنی فەزای شانۆ دروست کردنی ئەتمۆسفیری شانۆیی و بەکارهێنانی ڕەنگ بۆ بەرجەستە کردنی وێنەی شانۆیی بەکار بێنێ.

هەمیشە سینۆگرافیا بەرەگەزەکانی دیکۆرو ڕووناکی و جلوبەرگ و تەکنیکەکانی دیکەی شانۆ دەبنە پێکهاتەیەکی هەمە لایەنە لەستاتیکای شانۆیی و دروست کردنی توخمەکانی کاریگەر بوونی بینەر .

ووژاندنی سایکۆلۆژی:

لەپاڵ ئامرازە شانۆییەکانی دیکەی دەرهێنەر بۆ فێڵی چاوو تێر کردنی، دەرهێنەر چەند ئامرازێکی سایکۆلۆژی دیکەی بەدەستەوەیە ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەهزرو دەروونی بینەرەوە هەیە و دەبن بە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ ووژاندنی بینەر لەناخەوە، لەوانەش بەکارهێنانی موزیک، کارتێکەرە دەنگیەکان.

ڕیتم:

هەموو ئەو تەوژمانە بەیەک ئاست و بە یەک ئاراستە ڕوو لەهەست و بیرو ئەندێشەی بینەر دەکەن، بۆ ئەوەیە بینەر تابوتێک نەبێت لەهۆڵی شانۆدا دانەدرابێت، بەڵکو پارچەیەکی هەرە زیندووی جەستەی ئەو شانۆیە بێت.

کاردانەوەی بینەر بۆ سەر ئمایش



کەواتە دەرهێنەر چەندەوەندەی کار بۆ دروست بوونی ئەکتەر و پێکهێنانی ئامرازەکانی دیکەی شانۆ دەکات، ئەوەندەش بۆ دروست کردنی بینەر، هەرکاتێک بینەر بوو تاریکی و ژیان لە مردن دایە. نەیاران تاوانباریان کرد کە دژ بە مەسیحە و پێغەمبەرێکی درۆزنە. ئەنجومەنێک لە گەورەکان پێکهات، داوایان لە فاتق (پاتک) کرد، کە بۆچی مانی پەیڕەوی لە داب و نەریتی ئەوان ناکات. پاتک گوتی بڕۆن و لە خودی مانی پرسیار بکەن. مانی لە وەڵامدا گوتی ئەو داب و نەریتە، ئەوە نییە کە بە عیسا گوتراوە. لە (الخسای) گەورەی تاقمی (مغتسلە) دەگێڕنەوە، کە لە موکاشفەیەک دەنگی ئاوی بیستووە، کە خۆ شوتنەکانی بەردەوام ئازاری دەدەن.

لەپرۆسەی شانۆییدا لەزەهنی دەرهێنەردا غائیب بوو، ئەوە بزانە ئمایش چارەنووسێکی ڕەشی دەبێت .

بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت، چەند ئەوەندەی ئمایش کاردانەوەی بەسەر هزرو لەبینەرەوە وەردەگرن، بۆیە کاری شانۆیی هەمیشە پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە لەنێوان ئمایش و بینەردا و ناتوانن پێکهاتەی شانۆیی تاک تاکەیی پێک بێنن.

بە کولتوور کردنی شانۆ

ئەو تیۆرە لەپیشەسازی درست کردنی بینەردا لەلایەن دەرهێنەرەوە هەر تەنها گرەنتیەک نیە بۆ سەرکەوتنی ئمایش و بەجێمانی ئاسەوارەکانی ئمایش بۆ ماوەی دوورو درێژ لەسەر پانتایی هزری بینەردا، بەڵکو دەبێتە تیۆرێکش بۆ پەروەردە کردنی بینەرو بەکولتوور بوونی شانۆ لەپرۆسەی شانۆییدا، بۆیە دەرهێنەر دەبێ ئەو ڕاستیە بزانێ کە بوون و نەبوونی شانۆ بۆ ئەو وەک یەکە، بەمەش پرۆسەی بەکولتوور بوونی شانۆ پێویستی بەزەمەنێکی تر دەبێت بۆ خۆ دروست کردنەوەی دوای ڕوخان کەواتە ئمایش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەچارەنووسی شانۆ بەکولتوور بوونی شانۆ بەکولتوور نەبوونی..

پەروەردە کردنی بینەر

کەواتە ئمایش ئاراستەیەکی پەروەردەیی شانۆییشی هەیە، کە هەمیشە بینەر وەک نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگا وەری دەگرێت و بەسەر کۆمەڵگادا پەخشی دەکات، ئەگەر ئمایش توانی بینەر لەئەزموونی خۆی دا ڕازی بکات و بیخاتە ژێر کاریگەرییەکانی، پەیوەندی شانۆ لەگەڵ بینەردا بەهێز دەکات و بینەر ناچاری ئەوە دەکات، وەک پێداویستیەکی ژیانی ڕۆژانەی، پێویستی بەشانۆ بێت و بە دوای هوشیاری شانۆیی، پرۆسە مردووەکانیشن دەبنە مایەی تێکشکاندنی کولتوورە شانۆییەکان لەکۆمەڵگادا .

بینەرو مەعریفەی شانۆیی

لەپاڵ ئەو تیۆرانەی لەڕووی پەروەردەی شانۆیی و بەکولتوور بوونی شانۆ لەکۆمەڵگادا وڕوژاندمان لە هەمان کاتدا ئمایش کاریگەری هەیە لەسەر هوشیاریی و مەعریفەی شانۆیی بینەر.. هەمیشە بینەر سەرچاوەکانی هزرو مەعریفەی خۆی لەشانۆدا وەردەگرێت، لەشانۆوە بینەر دەبێتە کەسێکی خاوەن خەیاڵی جوان، لەوێ ڕاستەوخۆ چێژ وەردەگرێ؟ لەوێ دووچاری شۆک بوون دەبێت و تەزوو بەجەستەی دادێ، بەنهێنی فرمێسک دەڕێژێ ?بەنهێنی دەگری ..ئەو تەفاعولاتە ڕاستەوخۆیانە بینەر دەگۆڕێ بۆ ئینسانێکی تر، ئەوە نەبێت پێش هاتن بۆناو هۆڵە شانۆییەکە هەبوو ..کەواتە ئەگەر ئمایش بەو شێوە موگناتیسیە کار لەمێشک و هەست و ناخی بینەر بکات و بیکات بە ئینسانێکی تر، بینەر ناچاری ئەوە دەبێت لەژێر گوشاری ئەو هەموو فاکتەرە ووژێنەرانە بەدوای نهێنیەکانی ئەو ووژاندنادا بگەڕێ و ببێت بە کەسێکی هوشیارو خاوەن مەعریفەیەکی شانۆیی.

بەدۆزێتەوە، ئەوە بینەر شانۆ بەزەروەت نازانێ و پێی وا دەبێت کە بوون و نەبوونی شانۆ بۆ ئەو وەک یەکە، بەمەش پرۆسەی بەکولتوور بوونی شانۆ پێویستی بەزەمەنێکی تر دەبێت بۆ خۆ دروست کردنەوەی دوای ڕوخان کەواتە ئمایش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەچارەنووسی شانۆ بەکولتوور بوونی شانۆ بەکولتوور نەبوونی..

بینەرو مەعریفەی شانۆیی

لەپاڵ ئەو تیۆرانەی لەڕووی پەروەردەی شانۆیی و بەکولتوور بوونی شانۆ لەکۆمەڵگادا وڕوژاندمان لە هەمان کاتدا ئمایش کاریگەری هەیە لەسەر هوشیاریی و مەعریفەی شانۆیی بینەر.. هەمیشە بینەر سەرچاوەکانی هزرو مەعریفەی خۆی لەشانۆدا وەردەگرێت، لەشانۆوە بینەر دەبێتە کەسێکی خاوەن خەیاڵی جوان، لەوێ ڕاستەوخۆ چێژ وەردەگرێ? لەوێ دووچاری شۆک بوون دەبێت و تەزوو بەجەستەی دادێ، بەنهێنی فرمێسک دەڕێژێ ?بەنهێنی دەگری ..ئەو تەفاعولاتە ڕاستەوخۆیانە بینەر دەگۆڕێ بۆ ئینسانێکی تر، ئەوە نەبێت پێش هاتن بۆناو هۆڵە شانۆییەکە هەبوو ..کەواتە ئەگەر ئمایش بەو شێوە موگناتیسیە کار لەمێشک و هەست و ناخی بینەر بکات و بیکات بە ئینسانێکی تر، بینەر ناچاری ئەوە دەبێت لەژێر گوشاری ئەو هەموو فاکتەرە ووژێنەرانە بەدوای نهێنیەکانی ئەو ووژاندنادا بگەڕێ و ببێت بە کەسێکی هوشیارو خاوەن مەعریفەیەکی شانۆیی.

مانی



ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

مانی لە 14 ئاوریلی 216 زایینی لە دایک بووە و لە 2 مارسی 274 زایینی کۆچی دوایی کردووە. فەیلەسوف، شاعیر، نووسەر، پزیشک، وێنەکێش، دامەزرێنەر و پێغەمبەری ئایینی مانەوی بووە. ئەو لە دایک و باوکێکی ئێرانی لە نزیکی تیسفون، کە بەشێک لە پاشایەتی ئەشکانی بوو، لە دایک بووە. ئەو دامەزرێنەری ئایینێکە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە چین تا ئەوروپا پەیڕەوانی زۆری هەبووە. براکانی شاپوری یەکەم پشتگیریان لێکرد و شاپور ئیجازەی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی پێدا. بەڵام تووشی تۆڕەیی موبدانی زەرتۆشتی سەردەمی ساسانی بوو، سەرەنجام لە سەردەمی بەهرامی یەکەم زیندانی کرا و مرد. مانی خۆی وەکو زەرتۆشت، بوزا و عیسا بە نادرواوی خوا دادەنا و ئایینێکی نوێی هێنا. باوەڕەکانی ئەو لە ئایینەکانی بابلی و ئێرانی سەرچاوە دەگرێ و لە ژێر کاریگەری ئایینەکانی بوزایی و مەسیحی دابوو. پەیڕەوانی مانی ئەویان بە فارقلیت دادەنا.

٢-١

وەکو ڕوونکردنەوە، لە ئینجیلی یوحەنادا هاتووە، کە حەزرەتی عیسا دەڵێ لە دوای من نێردراوێکی خوا دێ بەناوی فارقلیت. واتای فارقلیت هەر هەمان ئەحمەدە، هەر وەکو لە قورئانی پیرۆز سورەتی سەف، ئایەتی 6دا هاتووە: (واذ قال عیسی ابن مریم یا بنی إسرائیل إنی رسول الله إلیکم مصدقا لما بین یدی من التوراه ومبشرا برسول یأتی من بعدی اسمه أحمد فلما جاءهم بالبینات قالوا هذا سحر مبین).

دایکی مانی بەناوی مەریەم، کە لە بنەماڵەیەکی پارتی پاشاکانی ئەشکانی بوو. باوکیشی فاتک یان پاتیگ یان فاتق ناوی بوو و خەڵکی هەمەدان بوو.

باوکی مانی لە تیسفون دەژیا و هاتوچۆی پەرستشگەیەکی دەکرد. بەپێی قسەی ئینی نەدیم ڕۆژێک دەنگێکی بیست، کە: "فاتق گۆشت مەخۆ، شەراب مەخۆ و لە زەماوەند خۆ دوور بگرە" ئەو دەنگەی 3 ڕۆژ و هەر جار3 جار دەبیست. لە دوای ئەوە، کاتێک هاوسەرەکەی دووگیان بوو چووە نێو تاقمی (مغتسلە الخسائیە). لەو ئایینە گۆشت نەدەخورا، خەتەنە دەکرا، یەکتاپەرست بوون، ڕەدی پێشبینییان بەهۆی ئەستێرەکانەوە دەکرد. ئاگر بە ئامێزی شەیتانی دنیای کۆن دادەندرا و ئاو ناوەندی پیرۆزی بوو. ئینی نەدیم دەڵێ مانی پێیەکی خوارى بوو. کاتێک مانی چوار ساڵە بوو، لەگەڵ باوکی لەنێو تاقمی "مغتسلە" گەورە بوو. بەپێی ژیاننامەی ئەو، فریشتەکانی ڕووناکی تا تەمەنی گەورەبوون پارێزگاریان لێدەکرد. لە تەمەنی دوازدە ساڵی، مانی یەکەم وەحی پێ دەگات و فریشتەیەک بەناوی ئەلتوم لەگەڵی قسە دەکات و داوای لێدەکات واز لە ئایینی "مغتسلە" بهێنێ و هەندێک نهێنی پێ دەڵێت.

مانی سەردەمی لاوی لەگەڵ "مغتسلە" بردە سەر و لەبارەی کارەکانی ئەوان قسە و باسی دەکرد. لە نووسراوەکانی مانی پاککردنەوەی جەستە، کە حەزرەتی عیسا ئاماژەی پێکردووە لە زانینی جیاکردنەوەی ڕووناکی لە زەوی گوتوبەتی کێڵان ئازاری دەدەن و نان گوتوبەتی برژاندن ئازاری دەدەن، بۆیە شوتن و کێڵانی ڕاگرتووە و بە پەیڕەوانی گوتوە نان نەبرژێنن.

مانی تا دوازە ساڵی تەمەنی، موکاشفاتی دەشارەوە، کاتێک کە گەیشتە تەمەنی 24 ساڵی، ئەلتوم پێی دەڵێ کاتی ڕاگەیاندن گەیشتووە تا ئینجیلی ڕاستی دەرکەوێ. کاتێک کە مانی 24 ساڵە بوو پەیامەکەی ئاشکرا کرد، هەر لەو ڕۆژەدا شاپور تاجی پاشایی لەسەر نا. دوو کەس لە هاوڕێیانی و هەروەها باوکی لەگەڵی دابوون. ئەو وەها خۆی ناساند، کە فارقلیتە و کۆتایی پێغەمبەرانە. سەرەتا ئایینی خۆی بۆ باوکی و نزیکانی بنەماڵەی ئاشکرا کرد.

ئەو دەستی دایە سەفەرکردن و بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشت، بۆ ڕاگەیاندنی ئایینەکەی چووە هیندستان، واتا تووران و مەکران. لێرەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و پاشای مەکران لەگەڵ هەندێک لە خزمەتکارانی ئایینیان وەرگرت. ئەو سەفەری دور و درێژی بۆ ئێران، هیندستان کرد و ئایینەکەی ڕادەگەیاند. لە دوای مردنی ئەردەسیر، لەگەڵ یارانی خۆی گەڕایەوە پارس و دەستی دایە ئامۆژگاری کردنی خەڵک، بەڵام خەڵک ڕووبەڕووی بوونەوە. لە پارس بۆ میشان ڕۆیشت و دوایی چووە بالیە، لەوێش گەڕایەوە بۆ پارس و ماد.

مانی توانی پیرۆز برای شاپۆری یەکەم بهێنێتە نێو ئایینی خۆی، بە قسەی ئیبنی نەدیم پیرۆز چاوپێکەوتنێکی لە نێوان شاپور و مانی ساز کرد و بە قسەی ئەو کاتی هاتنە ژوورەوەی مانی لە هەر دوو شانی ئەو ڕوناکی وەکو چرا دەدرەوشایەوە، بۆیە شاپور ڕێزی لە مانی گرت. شاپور 3جار مانی بۆ تیسفون بانگ کردووە و لە جاری سێیەم ئەوی لە خۆ نزیک کردۆتەوە و ئیجازەی پێداوە تا ئایینەکەی بڵاو بکاتەوە.

مانی نێردراوەکانی خۆی بۆ جیهان ناردووە. یەکەم نێردراوی مانی بۆ ئیمپراتوریەتی کوشانیان لە ئەفغانستان بوو. دەگوترێ بەرەو دۆڵی ئیندوس لە هیندستان ڕۆیشتووە، توانیویەتی توران شا پاشای بوزایی هیندستان بێنێتە سەر ئایینەکەی. لەو سەردەمە بە دواوە کاریگەری جۆراوجۆر لە ئایینی بوزا لە ئایینی مانی دەبیندرێ.

مانی لە پارس و پارت و ئادیابنە و سەر زەویەکانی نزیک بە ئیمپراتوریەتی ڕۆم، دەستی دایە ئامۆژگاری کردنی خەڵک. مانی میهرشا یەکێک لە براکانی شاپوری هێنایە نێو ئایینی خۆی و نێردراوەکانی خۆی بەسەرپەرشتی ئەددا و پاتیک بۆ میسر و ڕۆم نارد تا ئەسکەندەریە دەڕۆن.

ئەمووی بۆ مەرو و سەرزەویەکانی پارت نارد.

هورمز کوڕی شاپور کە بووە پاشا، هەروەکو باوکی بە چاکە لەگەڵ مانی دەجولایەوە و ئەوی لە کۆشکی خۆی پەنادەدا.

دوای ئەوەی کە بەهرامی یەکەم لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، موبدانی زەرتۆشت، بەتایبەت "کرتیر" بەهرامی هان دا تا دژایەتی مانی بکات و داوایان لێکرد تا ئەو بکوژن، چونکە پێیانگوتبوو ئەو خەلک لە ڕێ لادەدات.

بەهرامی یەکەم کوڕی شاپور فەرمان دەکات تا مانی زیندانی بکەن و مانی لە زیندان کۆچی دوایی کرد.

مانی کاتێک دەیویست بچێتە پاریزگەکانی ڕۆژهەلات، کوشان و خوراسان، لێنەگەڕان و داوایان لێکرد بچێتە گوندی شاپور بۆ لای بەهرام. مانی بە دوودڵی و پەریشانی چووە خوزستان و لەوێ چووە میشان و ڕووباری دیجلە و لەوی چووە تیسفون و گەیشتە گوندی شاپور. مانی پێشبینی مردنی خۆی کردبوو. مانی لە ڕۆژی یەکشەمە گەیشتە گوندی شاپور، بیرپزیان پێدەکردو ئەویان لەلای پاسەوانان ڕادەگرت تا پاشا خواردنی تەواو دەکرد و دەچووە ڕاو. پاشا دوای خواردن هەستا و بەرەو لای مانی هات و یەکەم قسەی ئەوە بوو کە بەخێر نێیت.

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/8/29 ژمارە (5817)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com





پاڵەوانێتی بلیارد لە هەولێر بەڕێوەچوو

بەمەبەستی گرینگدان بە یاری بلیارد لەشاری هەولێر و زیاتر بەرەو پێشبردنی یاریبەکە، یەکێتی بلیاردی هەولێر هەستا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بلیاردی یانەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری، لەم پاڵەوانەتیەش ٣٢ یانە بەشداری کرد، بۆ ماوەی چوار رۆژ یاریبەکانی بەرێوەچوو، لە سەر ئاستی هەولێر چەندین یاریزانی بەتوانا کێبڕکێی ئەنجامی باشیان دەکرد لەماوەی رۆژانی پاڵەوانیەتیەکە، لەئەنجامیشدا بۆ جاری چوارەم لە سەر یەیەک یاریزان شێروان محەمەد یاریزانی یانەی هەندرێن لە یاری کوتایی ٤-٢ گێم لە یانەی قەڵای بردە وە و بووە پاڵەوان و پلەی سیەم بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر بوو، سەرجەم یاریبەکانیش لە هۆڵی سولیڤان بەرێوەچوو.

کارزان کانەبی

خەونی پینیتا دووبارەکردنەوەی سەروەری 2015یە

فلاڤیا پینیتا حاڤە تێنسزانی ئیتاڵی کە ئێستا بەشداری پاڵەوانێتی کراوەی تێنسی ئەمریکی (چوارەم پاڵەوانێتی گراندسلام) دەکات رایگەیاند کە زۆر پەرۆشی ئەوەیە ئەو نازناوە بەدەست بهێنێتەوە کە لەساڵی 2015 بەدەستی هێنابوو.

پینیتا دەڵێت: خوازیارم بگەڕێمەوە سەر ئاستی جارانم و ئێستا نازناوی پاڵەوانێتی ئەمریکا بۆ من بووەتە خەونێک کە جاریکی تر بەدەستی بهێنمەوە، هەروەها دەڵێت: من دەڵێم خەون بەڵام لە راستیدا بەدەستم هیناوە پێشتر بەڵام بۆ دووبارە کردنەوەی ئەم سەروەرییە پیویستم بە هەوڵ و متمانە و ئیرادەوە هەیە، بێگومان ئەمانەش لەخۆم رادەبینم و هەربۆیەشە بەشداریم لەم پاڵەوانێتییەدا کرد.

کەس هێندەی راهێنەری تۆتنهام پەلەی نییە بازاڕی گواستنەوە دابخرێت



یانەی تۆتینهامی ئینگلیزی لەهاوینی 2014 تیپێکی بەهێزبوو تا ئەو رادەیەی گەیشتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

ئیستاش پۆچێتینۆی راهێنەری ئەو یانەیە لە دڵەراوکێدایە بەهۆی کێشەی ئیریکسین فیلا کە ئایا دەمێنێتەوە یاخود لەو یانەیە دەڕوات، هەربۆیەشە ئەو راهێنەرە هێشتا نەیتوانیوە بڕیاریکی یەکلایی کەردەوە بدات لەبارەی ئەوەی ئەو یاریزانە لە پێکهاتەی سەرەکی دابنێت یاخوود نا؟

لە دونیادا کەس هێندەی پۆچێتینهۆ ئاواتەخواز نییە دەرگای بازاری گواستنەوەکان دالخرێت، تەنها لەبەر ئەوەی چارەنوسی ئیریکسین یەکلایی ببێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە پێکهاتەیەکی نەگۆڕ لەم وەرزەدا چونکە جەماوەری تۆتینهام فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر ئەو یانەیە کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نازناوێک بەدەست بهێنن.


گریزمان لاسایی لیبرۆن دەکاتەوە



دوای ئەوەی گریزمان لەبەرامبەر ریال بیتس دوو گۆڵی تۆمارکرد، ئەو یاریزانەی بەرشلۆنە لە دەربڕینی ئاهەنگ گێران لاسایی لیبرۆن جێمسی یاریزانی ناوداری باسکەی ئەمرکی کردەوە.

گریزمان سەرسامە بەشیوە دەربڕینەکەی لیبرۆن بۆیە لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵی دووەم هەمان دەربڕینی دووبارەکردەوە و ئەمجارەش رۆژنامەکان ئامازەیان بۆ ئەوەکرد کە گریزمان لەکاتی دەربڕینی خۆشییەکەی گوتبووی: ئایا تۆ ئامادەی شێوازی دەربڕینی ئاهەنگەکەت بگۆڕی، سوپاس هاوڕێکەم.

تریپیێر: سیمیۆنی دەتوانێت پەرە بە ئاستم بدات



کیران تریپیێر، بەرگریکاری ئینگلیزی، کە ئەم هاوینە هاتووەتە ریزەکانی ئەتلەتیکۆمەدریدی ئیسپانی وتی، پێشبینی دەکات، زوو خۆی لەگەڵ تیپە تازەکەی بگونجێنێت، ئەوەش بۆ راهێنەر و هاوتیپەکانی دەگەڕێتەوە.

تریپیێر،لێدوانی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دا و وتی:" دەستم بە فێربوونی زمانی ئیسپانی کردووە، زووترخۆم لەگەڵ تیپە تازەکەم گونجاند، مامەڵەی یاریزانان و دەستەی هونەری لەگەڵم زۆر باشە". وتیشی:"شتەکە ئێستاپەیوەستە بە فێربوونی زمانەوە، ئەو شتەم کردووەتە پێشنۆرەم، بۆ ئەوەی لەگەڵ یاریزانەکان بە باشی لەیەکتری بگەین و بە کولتووری ئەو وڵاتەش ئاشنا بم". هەروەها وتی:"چەندین یاریزانی تازە هاتوون، بەڵام ئەوان ئەرکی منیان ئاسانتر کردووە، لە میانی بەشداری کردنم لەگەڵیان لە هەموو شتێکدا". تریپیێر، لە بارەی راهێنەرە تازەکەی، دییێگۆ سیمیۆنی وتی:"متمانەم پێی هەیە، بتوانێت پەرە بە ئاستم بدات، لە راهێنانەکاندا، هەموو شتێک بە باشی گوزەر دەکەن، من دڵخۆشم بەوەی بەشێکم لەو تیپە ئاستە بەرزەدا، لەگەڵ ئەو راهێنەرە نایابەی هەیەتی". لە کۆتاییدا وتی: کاتێک مرۆڤ فێری لایەنی بەرگریکردن دەبێت، کەس لە سیمیۆنی، وەکو راهێنەر باشتر نییە، بۆ ئەوەی لەژێر سەرپەرشتی ئەودا کار بکەیت، منیش پێویستیم بەوەیە، لەو لایەنەوە پەرە بە ئاستی خۆم بدەم".

رەمزی میرەکانی

ئەو کچەی پزیشک پێی گوت چارەسەری تۆ تەنها یاری شەترەنجە

کریسوین: بەناچاری خۆم فێری شەترەنج کرد و ئێستاش بۆتە بەشێک لە ژیانم





دیمانە: هاوار مورتکەیی

کریسوین فانیالان لە ساڵی 2005لە شاری سان پابلۆی فلپینی لەدایک بووە، ئەو کە لەدایک دەبێت تووشی چەند نەخۆشییەک دەبێت، بەهۆی ئەو نەخۆشیانەوە بێبەش دەبێت لە وەرزشی جولە، بۆیە پزیشک رێنمایی دەکەن کە شەترەنج بۆ ئەو باشترین رێگەیە کە پەنای بۆ ببات و لە زۆر رووەوە سوودی بۆی دەبێت، ئەوەبوو خۆی فێری شەترەنج دەکات و حەزی دەچێتە سەر ئەو یاریبە، دواتر لێهاتوویی خۆی لە شەترەنج دەردەخات و لەچەندین پاڵەوانێتیدا دەسکەوت زیلەکانی پێشەوە بەدەست دینێت.

چۆن ئاوێتەی بوو؟

کریسوین کە تەمەنی 4ساڵان دەبێت باوکی لەرێگای کۆمپیوتەرەوە هەوڵی فێرکردنی شەترەنجی بۆ دەدات، هەروەک خۆی دەڵێت: سەرەتا زۆر بەزەحمەت خولیای ئەو یاریبە بووم، هەربۆیەشە بەجدیەوە وەرم نەگرت، لە پاڵەوانێتییەکی ناوخۆی شارەکەمان، باوکم بەشداری پێکردم و هەموو یاریبەکانم دۆراند، ئەم دۆرانە وایلیکردم بایەخی زیاتر بەخۆم بدەم و ئەمجارە بەدیەوە راهێنانم دەکرد، داوام لەباوکم کرد راهێنەرێکم بۆ بهێنێت، ئەوەبوو بەردەوامیم بەخۆم دا و لە هەمان پاڵەوانێتی بۆ ساڵی داهاتوو پلەی یەکەمم بەدەست هێنا،

ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی ئەم یاریبە بکەمە خولیا و حەزو خەونەکانم.

شانازی بەچییەوە دەکات؟

هەروەها ئەو شەترەنجزانە فلیپینییە زیاتر ئاماژە بۆ بەشداریەکانی دیدات و دەڵێت: لەساڵی 2016بۆ یەکەمجار بەشداری پاڵەوانێتی نیشتمانیم کرد لە خوار 12ساڵ، لەوی لەپاڵاوتن بەشداریم کرد و پلەی سێیەمم بەدەستهینا و نوێنەرایەتی فلپینم کرد لە پاڵەوانێتی 19دەمینی ئاسیا کە لە داڤاو بەرێوەچوو، بەرلەوەش بەشداری پاڵەوانێتییەکی کراوەم کرد لە هۆنگ کۆنگ و لەو پاڵەوانێتییەش ئەگەرچی چەندین شەترەنجزانی خاوەن گراندماستەر بەشداریان کردبوو، بەڵام بەبرواو متمانەیەکی زۆرەوە بەشداریم کرد و لە ئاستی خۆم رازیبووم، بەڵام باشترین ئەنجامیشم کە شانازی پێوەبکەم نوینەرایەتی هەرێمی لاگۆنام کرد لە پاڵەوانێتی یاریبەکانی لاوانی فلپین، بەڵام هێشتا خەونەکانم نەهاتوونەتەدی خەونی ئێستام نوێنەرایەتی کردنی وڵاتەکەمە لە پاڵەوانێتییەکانی جیهان.

خەونی ئەو کچە چییە؟

لە کۆتاییدا کریسوین فانیالان لەبارەی خۆشەویستی بۆ شەترەنج گوتی: شەترەنج بۆمن هیوا و ئومێدبووە لە ژیان، شەترەنج ئامرازیکە بۆ پلاندانانی رۆژانە، دروستکردنی بڕیار، خەبات، بردنەوە، کەوتن، هەستانەوە، متمانە، چونکە شەترەنج فێرت دەکات کە هەڵەکردن چۆن دەتروخێنێت بۆیە پێت دەڵێ بیربکەوە تا هەڵەنەکەیت، لەگەڵ ئەوەش فێری دانبەخۆداگرتنت دەکات.



گەوهەرەکەی دۆرتمۆند بەرزترین مووچە وەردەگرێت

یانەی بروسیا دۆرتمۆند بەرزترین مووچەی بۆ یاریزانانی خوار 20 ساڵی یانەکەی بڕیەوە، ئەویش بەهۆی ئەو ئاستەبەرزەی لەوەرزی رابردوو پێشکەشیان کرد، لەنیویاندا جاجۆن سانچۆی تەمەن 19ساڵان کە لەوەرزی رابردوو 19گۆڵی تۆمارکرد.

رۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی رووبی کردەوە کە سانچۆ هەفتانە 190هەزار جونەیهی ئیستەرلینی وەردەگرێت، کە پێشتر تەنها 79هەزاری وەردەگرت، بەمەش ئەو یاریزانە پێشەنگی یاریزانانی خوار 20ساڵ گرت کە زۆرترین مووچەیان هەیە، دوای ئەویش قینیسۆس جۆنیۆری بەرازیلی دێت لە ریال مەدرید کە ئەویش هەمان مووچەی هەیە.

لە داهاتوودا رۆبۆت شوێنگرەوەی ناوبژیوانی یاریدەدەر دەبێت

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکات کە ناوبژیانی رۆبۆت وەک ناوبژیوانی یاریدەدەر لە یاریبەکانی تۆپی پێ پشتی پێ ببەستیت.

رۆژنامەی میرۆری بەریتانی ئاشکرای کرد کە ئەم هەنگاوە لەچوارچێوەی ستراتیژییەتی یەکێتی تۆپێی نێودەوڵەتیدایە بۆ ئەوەی سوود لە تەکنەلۆژیا وەربگرن بۆ پێشخستنی تۆپی پێ، ئەویش لەسەر چەندین ئاستی جۆراوجۆر لەوانە بۆ شوێنگرتنەوەی ناوبژیوانی یاریدەدەر، چونکە ئەو رۆبۆتانە لەپیارەکانیاندا زۆر بەسەرنجترن لە مرۆڤ، بەتایبەتیش لە حالەتی دیاریکردنی دزە (التسلل) چونکە ئەمە تا ئێستا کێشەی لەزۆربەی یاریبەکان تۆپی پێ ناوەتەوە.



یانەکان لەبەردەم گرفت و مەترسیدا



ژیلا تەیفور

یانەکان ناوێکی دیار لەجیهانی ئەمرۆی وەرزش دا، لە هەر یانەیەک دا گرنگی بە چەند جۆرێکی جیاوازی وەرزش دەدرێت هەریەکەریەکەیان بە جیاواز ناوی ئەو یانەیە هەڵدەگرن .

بۆ بنیاتنانی یانەکی بەهێز پێویستی بەچەندین پێداویستی سەرەکی و لاوەکی هەیە کەسەرەکیترینیان (سەرچاوەیەکی باشی داهات ، بونی یاریگایەک و هۆڵێک بۆ مەشق و ڕاهێنانەکان ،دابین کردنی کەرەستەو پێداویستی وەرزشی بەپێی یاریبەکان، ڕاهێنەر و یاریدەری ڕاهێنەر ،شوێنێک بۆ پشودانی یاریزانان، دابین کردن کردنی بەشی یاسایی، بەشی تەندروستی ، دابین کردنی پاسی تایبەت بەهاتوچۆ کردنی یاریزانان لە کاتی مەشق و یاری) .

لە کوردستاندا بێ ڕەچاو کردن و گرنگیدان بەلایەن و ژیانی یاریزانەکان ژمارەیەکی زۆری یانە هەیە لە ژێر ناو و دروشمی جیاواز هەیە، کە لەگەڵ بارو دۆخ و ئێستای دارایی و وەرزش لەکورستان، گونجاو و پێویست نییە، لە ئێستادا خراپی و ئاڵۆزی بارودۆخی یانەکان هۆکارێکە لە بری چێژ بەخشین و بە دەستهێنانی داهات هۆکارێکە بۆ دڵتەنگی و خراپ بونی باری دەرونی یاریزانان و دابەزینی دارایان و توشبونیان بە پێکان پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو .

لەگەڵ ئەمەشدا یانە هەیە ئاستی دارایی بەجۆرێک دابەزیوە ڕۆژی یاری کردن نەیتوانیوە لە شوێنی پێویست ئامادەی یاریکردن بێت بە هۆکاری گرفتی قەیرانی دارایی، گرفتەکان بەوە نەوەستان لایەنی یاسایی گرفتی بەشێکی زۆری یانەکان لەڕوی گرێبەستی یاریزانە وە هەتاوەکو یانە هەیە تەنها گرنگی و فۆکس دەکاتە سەر یەک یاری لەکاتێکدا ئەمە نەگونجاوە بەپێ ی یاسای یانەکان .

تەنها ژمارەیەکی کەم لە یانەکان وەکوو پێویست گرنگی بەلایەنی تەندروستی یاریزانەکان دەدەن ئەوەیش وەکو تاک، لە کاتێکدا پێویستە هەر یانەیەک بایەخ بەلایەنی تەندروستی بدات ، بەهۆکاری بونی پێکانی لەناکاوی یاریزانان نەبوونی شوێنی پشو بۆ ئەو یاریزانانەی هاو شار نین....هتد

بە هۆکاری زۆری گرفتەکان ،دابەزینی ئاستی یانەکان ، بنیات نانی یانەی نوێ بە بنیاتێکی لاواز هەمو ئەمانە هۆکارێکن بۆ کەمبونەوەی خولیای وەرزش دۆستان و یاریزانان و بینەرانی نێوخۆیی و پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش لە ڕێی پەڕلەمانی کوردستانەوە و پرۆژەیاسای وەرزش کاری لەسەر بکرێت بۆ ڕێکخستنی ئەو سێکتەرە و پێداچونەوەیەک بە یاسای یانە و دانانی یانە دابکرێت، بەمەستی بەهێزکردن و بەرز ڕاگرتنی ناوی یانەکان، نەبونی یاسایەک بۆ یانەکان دوا ڕۆژی یانەکانی کوردستان لە مەترسیدایە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 29. Aug. 2019 No: (5817)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

شوانی حەمە هەورامی:
شەهید خۆری مەشخەڵی سەرفرازی کوردستانە، پێشمەرگە بە تەنیا جێی شانازی ئێمەی کورد نییە، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی شانازی بە قارەمانیەتی پێشمەرگە دەکات

شیعر بەگشتی لای من وەک میوە وایە هەریەکەو تاموچێژی خۆی هەیە



دیانە: بەرهەم شێخ عزەدین

شاعیری نیشتیمان پەروەر و هەست ناسک (شوان محمد سادق) لە ساڵی 1968 لەدایک بووە. خێزاندارە و پێنج منداڵی هەیە، لە شاری سلێمانی دادەنیشێ، ئەو شاعیرە هەست ناسکە خاوەنی دەیان تێکستی ناسک و جوانی نیشتیمانی و ئەوینداریە، لەدیمانەیەکی تایبەتدا چەند پرسیارێکمان لێکرد بەڕێزی بەم جۆرە بۆمان دوا:

بۆ شیعرت هەڵبژارد؟

شیعر ناخی شاعیرە منیش ئەوەی لەناخمدایە دەمەوێت بەو زمانە شیعرییە بیگەیێنم، چونکە شیعر ئامرازێکە بۆ جوانتر گەیاندنی پەیامەکانت، هەمیشە هەوڵم داوە جوانترینی وشەکان بکەمە کەرەستەی هۆنراوەکانم.

لەزمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چیرۆک ئاسای ڕۆمانسی بەدی دەکرێت، ئاخۆ ئەمە زادەی خەیاڵی سیحری خۆتانە، یان پەیوەستە بژیانی واقیعیتانەوە؟

ڕۆمانسیەت نەمرە خەیاڵی من هەمیشە ڕەنگدانەوەی واقیعە.

لەزەتی شیعری و ڕیتمی شیعر لەلای ئێوە زیاتر لەشیعری ئازاد یان کلاسیک بەرجەستە دەبێت؟ بۆچی؟

شیعر بەگشتی لای من وەک میوە وایە هەریەکەو تاموچێژی خۆی هەیە و مەبەستی گەیاندنی پەیامە، بەڵام کلاسیک ناسنامەو بناغەی ئەدەبیاتی کوردیە وەک خۆم کلاسیک بەشێکە لەڕۆحم.

ئیلهامی زۆرێک لەشاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتیمانە ئیلهامی شیعری ئێوە چیە؟

ئیلهامی شیعری من هەمە چەشنە بەپێی کات و زەمەن و ڕووداو شیعرێک دێتە بوون.

تائێستا چەند دەقی شیعریتان کراوەتە گۆرانی؟

زیاتر لە دوانزە بۆ سیانزە شیعرم کراوەتە گۆرانی بەدەنگە بەسۆزەکەی مامۆستای گەورەی هونەری میللی کوردستان مامۆستا ڕەزا جولەکانی کەهەمیشە ئەو پیاوە گەورەیە جێی شانازی منە بەڕاشکاوی ئەیڵێم ئەو بەڕێزە منی ناساند.

چ مەرجێکی پێش وەختەتان هەیە بۆ ئەو هونەرمەندەی شیعری ئێوە دەکات بەگۆرانی؟

هیچ مەرجێکم نییە، تەنها ئەمەوێت بەئاوازێکی ڕەسەنی کوردەواری ئەدا بکرێت.

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانت کێشەیان بۆ دروست نەکردوویت؟

وەک کێشە نا، بەڵام ڕەخنە گیراوە ئەگەر زانیبێتم جێی خۆی بووە سوپاسم کردووە ئەگەر لەڕوویەکی تریشەوە بوبێت وەڵامی خۆمم هەبووە.

شیعرت بۆ سەربەخۆیی وتوە؟ چی دەڵێیت لەم بارەیەوە؟

هیچ شتێک هێندەی سەربەخۆیی مەزن نییە، بۆ گەلێک کەخاوەنی جوگرافیایەک بێت کەپێی ئەڵێن وڵات بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد، کە سەڵەهایە قوربانییەکی بێشومارمان داوە تابگەینە ئەو ئاواتە مەزنە.

چەند بەرهەمی شیعریت هەیە؟

شەرت نییە چی بنووسی بچێتە قاڵبی بەرهەم، بەڵام ئەوەی خۆم و زۆرێک لە هاوڕێیانم لێی ڕازین نزیکەی پەنجا بۆ شەست بەرهەمێکە.

شیعر بۆکێ دەنوسیت؟

بۆ هەموو بەها جوانەکان.

حەز بەشیعری چی دەکەیت ڕۆمانسی یان نیشتیمانی؟ بۆ؟

وەک عەرزم کردن هەریەکەو پێگەی خۆی هەیە، بەڵام نیشتمانی گیانی کورد بوونم هەمیشە لەبەرزیدا ڕائەگرێت.

پێشمەرگەو شەهیدان لەکوێی شیعرەکانی تۆن؟

من خۆم لەوئاستەدا نابینم بتوانم لە شیعرێکدا وەسفی مرۆڤێک بکەم کەبەگیانی خۆی بووەتە قوربانی خاک و نەتەوە، شەهید مەشخەڵی سەرفرازی کوردستانە، پێشمەرگەبە تەنیا جێی شانازی ئێمەی کورد نییە بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی شانازی بە قارەمانیەتی پێشمەرگە ئەکەن، پێشمەرگە ئەو مرۆڤە مەزنەیە کە سەلماندی تاکە هێزە توانی دێوەزمەی داعش بێنێتە سەرچۆک،پێشمەرگە ناسنامەی گەلێکە هیچ کات دڕێغی نەکردووە لە فیداکاری بۆڕزگاری کوردو کوردستان.



هیچ شتێک هێندەی سەربەخۆیی مەزن نییە

چی ئاوێتەی شیعر دەکەیت بۆڕازاندنەوەی؟

هەست و ڕۆحم هەمیشە ئاوێتەن بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانم.

وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێز لە هونەرمەند سلێمان شاکر دەنێت





لە چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاواندا، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە کار و بەرهەم و ماندووبوونەکانی، دکتۆر سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، پەردەی لەسەر ناوی زیوی هونەرمەند سلێمان شاکر لادا و گاڵەری تایبەتی هونەرمەندی بەسەرکردەوە، کە لە بەشێکی مالی خۆی سازی کردووە، هەروەها ڕۆلی بەرچاویشی بینیوە لە پەروردە و پێگەیاندنی نەوەیەک لە هونەرمەندان.

دوای بینینی تابلۆکان، ئامادەبووان کۆبوونەوە بەمەبەستی ڕێزگرتن، سەرەتا بریکاری وەزارەت لە وتەیەکدا هەوڵ و کۆششەکانی هونەرمەندی بەرزنر خاند و گوتی: تابلۆکانی بوونەتە هەوێنی خۆشویستنی خاک و نیشتمان، دوای ئەوە چەپکە گوڵی وەزارەت پێشکەشکرا و لە کۆتاییدا هونەرمەند لە وتەیەکی کورتدا خۆشحاڵی خۆی بەم بەسەرکردنەوە و ڕێزگرتنەی دەربڕی و سوپاسی وەزارەتی کرد و ئومێدی بەردەوامبوونی ئەم هەنگاوەی خواست.

تیایدا بەرهەم و تابلۆکانی نمایشکراون، هونەرمەند سلێمان شاکر، زیاتر لە نیو سەدەیە بە بەردەوامی خزمەتی هونەری شێوەکاری دەکات و

هونەری 3D لە نێو شەقامەکاندا

ئاشتی گەرمیانی: هۆڵەندا

هونەری هاوچەرخ و مۆدێرنی ئەمڕۆی جیهان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە جل و بەرگ و پۆشاکە جیاجیاکان و دیوار و دەرگا و پەنجەرەیماڵ و لا دیوار بەندیەکاندا بێت ، تەنانەت تا دەگاتە مرۆڤ خۆی بکات بەو شێوازە نوێ یەی کە لە چوار لاوە بە شێوەیەکی هونەری شێوەکاری ڕەنگ و پۆشاک و کەرەستە مردووەکان جارێکی تر ژیانی بۆ بهێنێتەوە وە جوانی بداتێ، بەتایبەتی لەو جێگایانەی کە گەشتیارو خەڵکی ئاسایی سەردانی دەکەن و لە پارک و حەسانەوەیەکدا تێڕوانینی لێ بدەن و لە هەر سێ و چوار لاوە نیگای لێ بگرن، تێکەڵ بوونی ئەو هونەرەش کە هونەری شێوەکاری یە بە کاری تاکە کارئەکتەر کە شانۆگەری تێدا نمایش دەکات لەسەر شەقامەکان یان لە ڕێستورانت و دەرگا چوونە ژووروەوەکاندا بێتە مایەی خۆشحاڵی خەڵک و سەردانەکان ، ئەمە لەکاتێکدا هاوینان لە گۆڕەپانە گشتی یەکانی پایتەخت و شارەکانی ئەوروپاش بۆتە دیاردەیەکی زیندووی هونەری شێوەکاری، یان بە واتایەکی تر هونەری هاوچەرخ کەوتۆتە نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە ، بەتایبەتی لاسایی کردنەوەی کەسایەتی یە جیهانی یەکان وە شاعیرو نوسەرو هونەرمەندو دکتۆرو پرۆفیسۆرەکان و داپۆشینی ئەو کەلوپەلانەی کە لەکاتی خۆیدا بەکاریان هێناوە واتە سەدەکانی پێش ناوەڕاست و دواتریش. هونەری 3دی سەرشەقامەکان وێنەیەکی جوانی سەردەمیانەیە کە گەرم و گوڕیەک دەداتە بینەران و گەشتیارییان لە ئەمڕۆی هونەری مۆدێرنی جیهانی دا.

